Twejer - Volume:1 - Issue:1 - 2018
Pages: 208-264
DOI: https://www.doi.org/10.31918/twejer.1811.5
ISSN(Print): 2617-0744
ISSN(Online):2617-0752

# تایبەتمەندییە مینیمالیستییەکان لە کورتیلەچیرۆکەکانی تێکۆشەر خالید دا

م. ی. سەنگەر نازم حسین
زانکۆی کۆیە
sangar.nadhim@koyauniversity.org

م. حەیات سەعید عبدالکریم
زانکۆی سۆران/ فاکەلتی ئاداب
hayatsaid70@gmail.com

**پوختە**

ناونیشانی ئەم باسە بریتییە لە (تایبەتمەندییە مینیمالیستییەکان لە کورتیلەچیرۆکەکانی تێکۆشەر خالیددا)، کە باسێکی وەسفی شیکارییە و لە پێشەکی و دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە، بەشی یەکەم تایبەتە بە لایەنی تیۆری و تێیدا چەند بابەتێکی وەک (چەمک و زاراوە و مێژووی مینیمالیزم، تایبەتمەندی و قەوارەی کورتیلە چیرۆک، بەژانر بوون یا نەبوونی چیرۆکی مینیمالیستی) بە پشت بەستن بە کۆمەڵێک سەرچاوە و ژێدەری هاوچەرخ بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و فارسی و ئینگلیزی باس کراون، و بەشی دووەم دیوێکی پراکتیکی لەخۆی گرتووە و تایبەتمەندییەکانی کورتیلەچیرۆک لەسەر دەقەکانی تێکۆشەر خالید پراکتیزە کراون و لە کۆتاییشدا ئەنجامی باسەکە لە چەند خاڵێکدا خراوەنەتەڕوو.

**وشە کلیلییەکان:** ((مینیمالیزم، کورتیلە چیرۆک، چڕکردنەوە، دەقئاوێزان، تەنز))

# تایبەتمەندییە مینیمالیستییەکان لە کورتیلەچیرۆکەکانی تێکۆشەر خالید دا

## پێشەکی

کورتیلە چیرۆک وەکو شێوەیەکی نوێ و ژانرێکی ئەدەبی تازە لە دوای جەنگی جیهانی دووەم و لەناو ئەدەبیاتی رۆژئاوایی و لە رێگەی کۆمەڵێک هۆکاری گرینگی وەکو خێرایی ڕۆژگار و پەیدابوونی ماشینە گەورەکان و چاپەمەنی و بە ئامێربوونی مرۆڤ دەستی بە نەشونماکردن و پەرەسەندن کردوە و توانیویەتی لەماوەیەکی کەمدا بپەڕێتەوە بۆ ناو زۆربەی ئەدەبی نەتەوەکان و لە کۆتایی هەشتا و نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووشدا نووسەرانی کورد چاویان لەو ژانرە بڕیوە و گرینگییان پێداوە.

ئەو توێژینەوەی بەردەستیشتان، کە لە ژێر ناونیشانی (تایبەتمەندییە مینیمالیستییەکان لە کورتیلە چیرۆکەکانی تێکۆشەر خالید دا)یە هەوڵێکە لە پێناو ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەی ئەم جۆرە چیرۆکە هونەرییە لە ئەدەبیاتی هاوچەرخی کوردیدا و لە رێگەی وەرگرتنی نمونەی ئەم نووسەرە. ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکییەک و دوو بەشی سەرەکی پێک هاتووە و لە کۆتاییشدا ئەو ئەنجامانە خراونەتەڕوو کە توێژەر لە کرۆکی باسەکەدا پێیگەیشتووە و لەم نێوەندەشدا پشتی بە کۆمەڵێک سەرچاوە بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و فارسی و ئینگلیزی بەستووە. لە بەشی یەکەمدا باس لە بابەتەکانی (ناساندنی مینیمالیزم و چەمک و زاراوە و پێناسە و تایبەتمەندی و قەوارەی کورتیلە چیرۆک لەگەڵ ژانربوونی

کورتیلە چیرۆکدا) کراوە، ئەم بەشە زیاتر تیۆرییە و بۆ ڕوونکردنەوە و دەستنیشان کردنی مینیمالیزم تەرخانکراوە. هەرچی بەشی دووەمە، ئەوا پراکتیکییە و چەند لایەنێکی وەکو (چڕکردنەوە و پارادۆکس و دەستپێک و کۆتایی و تەنز و بابەتی سەرنج ڕاکێش و بوێریی و دەقئاوێزان و ناونیشان و سوورد وەرگرتن لە تەکنیکەکانی دیکە) خستۆتەڕوو کە تایبەتمەندیگەلێکی مینیمالیستین بەسەر کۆمەلە چیرۆکی (بەڵێ هەڵەیەک ڕوویداوە)ی تێکۆشەر خالیددا پراکتیزە کراون، لەم پراکتیزە کردنەشدا سوود لە ڕێبازی وەسفی -شیکاری وەرگیراوە. سنووری لێکۆڵینەوەکەش لە چوارچێوەی ئەو کۆمەڵە چیرۆکەدایە بە زاری کرمانجی ناوەڕاست و ئەمەش گرینگی خۆی دەبێت لەبەر ئەوەی بەشێوەیەکی ورد و قووڵ ئاوڕ لەو ژانرە دراوەتەوە لە لایەک و لەولایتریشەوە بەرهەمەکانی ناوبراو بەسەر کراونەتەوە کە یەکەم جارە شتێکی لەو جۆرە ئەنجام بدرێت لەو بوارەدا و بەتایبەت کە توێژەر لە نووسیندا ڕووبەڕووی کۆمەڵێک گیر و گرفت و ئاستەنگ بۆتەوە کە گرینگترینیشیان دیار نەبوونی قەوارەی کورتیلە چیرۆک و دەستنیشان نەکردنی زاراوەکەیەتی لەناو ئەدەبی کوردی و نەتەوەکانی دیکەدا.

## بەشی یەکەم

### ١-مینیمالیزم چییە؟

مینیمالیزم شێواز و قوتابخانەیەکی هونەری و ئەدەبییە لە چارەگی یەکەمی سەدەی بیستەمدا و لە ئەدەبیاتی ڕۆژئاواییدا دەرکەوتووە. ئەم جۆرە شێوازە بۆ یەکەم جار لە سالی 1929دا و لە لایەن کەسێک بە ناوی (دەیڤید بزیلۆک) لە کاتی سەیرکردنی

پێشانگایەک بەکار هاتووە کە زاراوەیەک بوو بۆ وەسفکردنی پەیکەرتاشی و نیگارکێشیگەلێک کە لە ڕووی شێواز و ناوەڕۆکەوە کۆکراوەیی و زیادیان تێدانەبوو، و لە هەمان کاتیشدا گەشەسەندنێکی بەرچاویان نیشان داوە (علیزادە، 1392: 9). هەندێک ڕەخنەگری دیکە سەرەتای ساڵی 1913 بە دەستپێکی دەرکەوتنی مینیمالیزم دادەنێن، ئەویش لەو کاتەی کە شێوەکاری ڕووسی (کازیمید مالڤیچ) بەرهەمێکی خولقاند کە چوار گۆشەیەکی ڕەش بوو لەناو شوێنێکی سپیدا (تەرەغە، 2013: 12)، پاشان ئەم شێوە هونەرییە وردە وردە گوێزرایەوە بۆ ناو بوارە مەعریفییەکانی دیکە و لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی و بەتایبەتیش لە بواری کورتیلە چیرۆکدا توانی شوێنی خۆی لەناو ئەدەبدا بکاتەوە. هەندێ جار دەرکەوتنی ئەو شێوازە ئەدەبییە گرێ دەدرێت بە بزوتنەوەی فۆرمالیستەکانەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی فۆرمالیستەکان گرنگییان بە ناوەوەی دەق و بە تایبەتیش زمان دەدا، لەو ڕوانگەیەی کە مینیمالیستەکان بایەخێکی زۆر بە زمان دەدەن و ڕووخساری سادە هەڵدەبژێرن، دەشێ بوترێ مینیمالیزم ڕەوتێکە لە فۆرمالیزم (تەرەغە، 2013: 13-14). کەچی لە رووێکی دیکەوە هەندێ ڕەخنەگر سەرهەڵدانی مینیمالیزم دەگەرێننەوە بۆ ماوەیەکی زووتر و بۆلای نووسەرانی وەکو (ئەدگار ئالان پۆ) و (چیخۆڤ) و (ئەرنست هیمینگوای)، ئەمەش لە بەر ئەوەی هەریەکێک لەمانە دید و بۆچوونی جیاوازی لە بارەی ئەو جۆرە چیرۆکە هەبووە کە دواتر بە چیرۆکی مینیمالیستی ناسرا.

چیخۆڤ دەڵێت: ((من وا بیردەکەمەوە کە کەسێک کاتێک کە نووسینەوەی کورتیلە چیرۆکی تەواوکرد، پێویستە سەرەتا و

کۆتاییەکەی پاک بکاتەوە)) (علیزادە ،1392: 12). هەروەها هیمینگوای دەڵێت: ((لە کارەکەتدا ئەگەر سڕینەوەیەک کە ئەنجامی دەدەیت دڵنیای لێی، دەتوانیت هەموو شتێک بسڕیتەوە و بەیەکجاریش بەشی بڕاوە تواناداریيەکی زیاتر بە چیرۆکەکە دەدات)) (س.پ: 11).

هەرچی (هێنری جێمز)ە، لە پێشەکی چاپی نیۆیۆرکی ڕۆمانەکانی دا دەڵێت: ((نیشانی بدە، وشە دامەنێ، بە وشەی زیاتر لەوەی کە پێویستە قسە مەکە)) (س.پ.:11). لەبەر  لایەنگرانی ئەم بۆچوونە لە بواری ئەدەبیاتدا دەرکەوتنی ئەو جۆرە ڕێبازە دەگەڕێتەوە بۆ نووسەرانی گەورەی بواری کورتە چیرۆک.

هەندێ ڕەخنەگری دیکەش دەرکەوتنی بزوتنەوەی مینیمالیستی بە جۆرە هەوڵێک بۆ نیشاندانی خوێندنەوەیەکی نوێی هونەریی پێناسە دەکەن کە ڕاستەوخۆ پەیوەست بووە بە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمی خۆیدا. (سیلان) لەو باوەڕەدایە کە پەیدابوونی بزوتنەوەی مینیمالیستی هاوتا و هاوئاهەنگە لەگەڵ کۆمەڵە شەپۆلێکی ڕەخنەگرانە بۆ سەر ئاڵۆزییە هونەرییە فەرمییەکاندا (جزینی، 1394: 15). هەروەها نابێت رۆڵی نووسەرانی وەک (وۆلفانگ بۆرشرێت و پەیمۆند کارێر  و ئان بێتی) نادیدە بگیردرێت لە هێنانە ناوەوەی مینیمالیزم بۆ ناو کورتیلە چیرۆکدا و ئەمەش لەبەر ئەوەی نووسەرانە لە ژێر کاریگەری ژینگەی پاش جەنگی جیهانی دووەم و بە هۆی پشت بەستن بە بەرهەمی نووسەرانی پێش خۆیان، گۆرانکارییەکیان لە فۆرم و شکلی کورتە چیرۆک هێناوەتە کایەوە و بە باوەڕی ئەوان کورتە چیرۆک پێویستی بە پێشەکی و وەسفە سەرەتاییەکان و ڕوونکردنەوە نییە.

(جۆن بارت) چەند خاڵێکی کۆمەڵایەتی دیاری دەکات کە بوونەتە مایەی پەیدابوونی مینیمالیزم:

1-مەرجە میلییەکان لە پاش جەنگی ڤێتنامدا

2-قەیرانی وزە لە ساڵەکانی 1973-1976 کە هاوتای جەنگی ڤێتنام بووە

3-سادەیی، کە لە سینەما و تەلەفزیۆن برەوی پەیدا کردبوو

4-نەخوازراوی ئاستی رێزمان و زماننانسی نووسەرانی هاوچەرخ

5-هیلاکی و نەبوونی سەرنجی مرۆڤەکان (سەردەمی گۆڤارەکان)

6-کاردانەوە بەرامبەر بە رۆشنبیری و ئاڵۆز نووسی

7-نەتوانینی کاریگەر نەبوون بە کاریگەریی ڕاگەیاندنە بازرگانی و سیاسیەکانی ئەمەریکا کە بە تەکنەلۆژیای باڵا فەزایەکی بۆ بنچینەی سادەیی کردبووەوە (بارت، 1375: 45).

مینیمالیستەکان دروشمی سەرەکییان بریتی بوو لە (کەم زۆرە) (LESS IS MORE) کە بۆ یەکەمجار (ڕۆبێرت براونینگ) سوودی لەو زاراوەیە وەرگرت و دواتر لەناو مینیمالیزمەکانی دیکەی وەک (واڵتەر گرۆپیۆس و ئەلبێرتۆ جیا کۆمتی و هینری گۆدیە برژیسکا و کۆنسانتین برانکۆژی ) بووە باو (جزینی ، 1390: 8). لە ڕێگەی ئەم درووشمەوە، مینیمالیزمەکان پشت بە فەلسەفەیەک دەبەستن کە ئەویش بریتیە لە کورتکردنەوە و چڕکردنەوەی لە ڕادە بەدەری وشە و دەربڕینەکان، و هەر شتێک لەنێو دەقدا کە ئەرکێکی وەسفی

یا ڕازاندنەوەکاری یا هەر ڕۆڵێکی دیکەی لاوەکی بگێڕێت و لابردنی نەبێتە مایەی تێکچوونی دەق، ئەوا بە لایانەوە زیادە و لایدەبەن. لەبەر ئەوە بە باوەڕی مینیمالیستەکان ((دەتوانرێت لە مەیدانی ئەدەبی چیرۆکدا و بە پاراستنی بونیاتی هونەری چیرۆکێک بە کەمترین شێوە، گفتوگۆ بە زمانێکی سادەی چیرۆکیی سەرسوڕهێنەر بخولقێنرێت)) (علی پور، 1391: 163)، لەبەر ئەوە دەشێ پێناسەی ئەو جۆرە شێوازە لە ئەدەبیاتدا بەوەبکرێت کە شێوازێکی ئەدەبییە و لەسەر بنەمای کورت کردنەوەیەکی لە ڕادەبەدەر، هەروەها لە بەرچاوگرتنی چڕکردنەوەیەک لە کاکڵی دەقدا دامەزراوە. هەر بۆیە ڕستە لە پێچاو پێچی و ئاڵۆزی، هەروەها کەم قسەیی بەرچاوترین تایبەتمەندییەکانی ئەو شێوازەن (تەرەغە، 2013: 79).

(ئیدوارد لوسی سمیت) لە کتێبیکیدا کە بۆ ناساندنی دوا ڕووداوەکانی بزووتنەوە هونەرییەکانی سەدەی بیستەم نووسیویەتی لە ناساندنی مینیمالیزمدا دەڵێ: ((مینیمالیزم لە ئەدەبدا شێواز یا بنچینەی ئەدەبێکە کە لەسەر بنەمای چڕکردنەوەی زۆر و کورت کردنەوەی فراوان لە ئەندازەی ناوەڕۆکی بەرهەمەکە بونیات نراوە، ئەمان لە پێچراوی و چڕکردنەوە تا ئەو جێگایە دەڕۆن کە تەنیا ڕەگەزە سەرەکییەکانی بەرهەمەکە ئەویش لە کەمترین و کورتترین شێوەدا بمێنێتەوە، لەبەر ئەم هۆیە ڕووتی وشەیی و کەم وشەیی لە دیارترین خاسییەتەکانی ئەم بەرهەمانە هەژمار دەکرێن)) (جزینی، 1394: 16). مینیمالیستەکان گرنگییەکی تایبەت بە خوێندنەوە و درک کردنی دەق دەدەن و خوێنەر وەکو لایەنێکی چالاک و زیندووی دەق دادەنێن و ڕێزی لێ دەگرن. ئەوەتا (سینیتا هێلت) لەو

بارەیەوە دەڵێت: ((نووسەرانی مینیمالیست ئەفراندن و داهێنان پێشکەش بە خوێنەر دەکەن، ئەوان زانیاری و زانستەکانی خۆیان لەگەڵ خوێنەر بەش دەکەن و لێیان دەخوازن، تاوەکو لە درک کردنی چەمکەکان هاوکارییان بکەن)) (علیزادە، 1392: 18). بەڵام سەرباری ئەو لاکردنەوە نوێیە بۆ خوێنەر و ئەو داهێنان کارییە لە زمانی دەربڕین و تیمەی سەرنج ڕاکێش و گونجاندنی مەودای زەمەنی نێوان ئەدەب و سەردەمدا، مینیمالیستەکان لە لایەن ڕەخنەگرانەوە ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ڕەخنە بوونەوە، کە دیارترینیان  وەکو (فریدریک بارتملی) باسی لێوە دەکات بریتین لە:

1-سڕینەوەی بیرە فەلسەفییە گەورەکان

2-نەخستنەڕووی بابەتە مێژوویە کان

3-لایەنگیری نەکردنی سیاسی

4-قووڵ نەبوونی کەسایەتییەکان بە ئەندازەی پێویست

5-وەسفکردنی سادە و سواو

6-یەک ڕیتمیی شێواز

7-بێ موبالات بوون بەرامبەر بە کێشە ئەخلاقیەکان (تەرەغە، 2013: 81).

جگە لەمانەش، ڕەخنەگران چەندین ناوی جیاوازیان وەکو ڕەخنەیەکی گاڵتەپێکەرانە و سووک سەیرکردن لە ناوهێنانیاندا بە کارهێناوە وەکو (نیو هیمینگوایزم و سەرەتایی و ڕیالیزمی پیس و مینیمالیزمی پیپسی کۆلایی و ئەدەبی سوپەر مارکێتی ...).

## ٢- چەمک و زاراوە و پێناسەی چیرۆکی مینیمالیستی:

کورتیلە چیرۆک (یا لەناوە گشتییەکەیدا، چیرۆکی مینیمالیستی)، لە ڕووی چەمکەوە جۆرێکە لە ئەدەبی گێڕانەوەیی کە گرینگییەکی تایبەت بە کورتکردنەوە و پوختەکردنی فۆرم دەدات و مەبەستێتی بە کەمترین خەرجی زمانی، گەورەترین بیرۆکە بە خوێنەر بگەیێنێت، یاخود هونەرێکە لە هونەرەکانی پەخشان و پشت دەبەستێت بە گێڕانەوە و وەکو شێوەیەکی هونەری نوێ لە دوای کورتە چیرۆکەوە دەردەەوێت.

لە ڕووی زاراوەوە، تێکەڵاوی و تێکچڕژاوییەکی زۆر لە ناو ئەدەبی جیهانیدا بەدی دەکرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەی لای هەر نەتەوەیەک ئەو جۆرە چیرۆکە شێوە و فۆرمێکی هەیە، لە لایەکی دیکەوە ئەو مەرج و تایبەتمەندییە هونەرییانەی کە بۆ ئەم زاراوە دانراون، لای هەر ڕەخنەگرێک جۆرێکە، لەبەر ئەوە پێوەرەکانی ئەو جۆرە ڕۆڵێکی سەرەکییان بینیوە. لە فرە زاراوەییەکەیدا، زاراوەی کورتیلە چیرۆک، لە زمانی کوردیدا گەلێ زاراوەی دیکەی بەرامبەر بەکار هاتووە وەکو: ((چیرۆکی زۆر کورت و سەرنجە چیرۆک و چیرۆکۆکە و چیرۆکیلە و ڕۆژانە چیرۆک و سەرنجە چیرۆک و پۆستەرە چیرۆک و چرکە چیرۆک و خونچە چیرۆک و میکرۆچیرۆک...)) (ڕەشید،2005: 4)، هەروەها لە کوردستانی ئێراندا (تیرێژە)ش بۆ ئەم جۆرە چیرۆکە بەکار هاتووە (سعید، 2013: 14)، جگە لەمانەش بروسکە چیرۆک و هەروەها چیڕ چیرۆکیش بەکاردەهێنرێت کە ئەمەی دواییان بە بۆچوونی (محمد فەریق حەسەن) لە پێش ئەوەی ژانرەکە بە فەرمی لای نووسەرانی کورد بناسرێت، لە ناو فەرهەنگی کوردی دا و بە تایبەتی فەرهەنگی

(خاڵ) ناوی بۆ دۆزراوەتەوە و بە (چیڕ چیرۆک) گوزارشتی لێکراوە (حەسەن، 2012: 269). تەواوی ئەم زاراوانەی سەرەوەش لە ئەدەبی عەرەبی و فارسیەوە وەرگیراون و ئەوانیش لە ئەدەبی فەڕەنسی و ئینگلیزی وەریانگێڕاون. لە زمان و ئەدەبیاتی عەرەبیدا زاراوەکانی (القصة القصيره جدا، القصة اللقطة، القصة الومضة، القصة القصيره للغاية، القصة المكثفة، القصة الكبسولة، القصة البرقية، اللوحة القصصية، الصورة القصصية، النكتة القصصية، الخبر القصصى، القصة الشعر، الخاطرة القصصية، القصه الجديدة، القصه الحديث، الحاله القصصية، المغامرة القصصية ...) (حسين ، 2010: 26) بەکارهێنراون و رۆژ بە رۆژیش ژمارەی ئەم زاراوانە ڕوو لە زیادبوون دەکەن، هەرچی فارسەکانن ئەوا ئەمانیش بەهەمان شێوە چەندین زاراوەی وەک (داستان مینی مال، داستان برق اسا، داستانهای قوطی کبریتی، داستان طرح وار ، داستان لاغر، داستان اتشین، داستان کوچک و داستان ناگهانی، داستان ارزان، داستان تند، داستان کارت پستال، داستان کنسروشده ...)یان (لنگرودی و دیگران،1394: 16) بەکارهێناوە.

ئەم فرە زاراوەییە لای ئینگلیزەکانیش بەدی دەکرێت و ئەوانیش زاراوەکانی (FLASH FICTION و MICRO FICTION و MICRO STORIES و SHORT SHORTS وSHORT SHORT STORY و VERY SHORT STORIES و SUDDEN FICTION و POSTCARD FICTION و FICTION و NANO FICTION) (SUSTANA , CHATHRENE 2017:1) بەکاردەهێنن و بەهەمان شێوە فەرەنسییەکانیش کۆمەڵێ زاراوەی وەک ((RECIT BREF) و (RECIT ULTRA BREF) و (RECIT EXFREMENT BREFS) و ( MICRORECIT) و ( CONTES BREFS) و ( CONTES ULTRA BREFS) و (NANO NOUVELLES) و ( MICRO FICTION) و (MICRO NOUVELLES) و

بەکار (FRAGMENETS NARRATIFS) – (القاضی ، 2012: 17) دەبەن. مەبەستیشمان لە خستنە ڕووی ئەم زاراوانە زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دیاردەکە تەنیا پەیوەست نییە  بە ئەدەبی کوردییەوە، بەڵکو دیاردەیەکی جیهانی و گشتیە و ڕەخنەگرانی ئەو بوارە بە هیچ کلۆجێک کۆک نین لەسەر زاراوەی کورتیلە چیرۆک، تەنیا ئەوە نەبێت لای هەر نەتەوەیەک هەندێک لەو زاراوە زۆرانە لەوانیتر پتر بەکارهاتووە، وەک ئەوەی لە ئەدەبی عەرەبی القصة القصیرة جدا و لە فارسیشدا داستانک و لای ئینگلیزیەکانیش SHORT SHORT STORY و فرەنسیەکانیش RECIT BREF، هەروەها لای لایەنگرانی بواری چیرۆکی مینیمالیستیش کۆمەڵێ زاراوەی دیکەی وەکو ( MINIMAL FICTIO و SKELETAL FICTION و QUAKE FICTION FLASH و FAST FICTION و SKINNING FLASH و FURIOS FICTION) (تەرەغە، 2013 : 103) و لە ئەدەبیاتی کوردیشدا کورتیلە چیرۆک بەراورد بە زاراوەکانی دیکە لە نێوەندە ئەکادیمییەکاندا پتر بەکارهاتووە، ئەم زاراوەیەش وشەیەکی لێکدراوە کە پێکهاتووە لە:

1-کورت: ئاوەڵناو

2-یلە: پاشگر و ئامرازی بچووککردنەوەیە

3-چیرۆک: ناوێکی گشتی یە (سعید ، 2013: 13).

هەرچی پێناسەکردنی ئەو ژانرە ئەدەبیەیە، ئەوا ڕووبەڕووی هەمان ئاستەنگی زاراوەکە بۆتەوە، واتە هەمان فرەییش لە پێناسەکردندا بەرچاو  دەکەوێت کە لێرەدا هەندێ لەو پێناسانە دەخەینەڕوو: ((چیرۆکێکە ڕووداوە لاوەکییەکان و وەسفی زێدەی تێدا سڕاوەنەتەوە و شتە زیادە و نا پێویستەکانی لە دەوروبەردا

دورخراوەنەتەوە، ئەوەی تێیدا دەمێنێتەوە تەنیا کرۆکە و دەبێتە چیرۆکێکی پوخت)) (جزینی، 1390: 8). لە فەرهەنگی بەریتانیکادا هاتووە کە ((کورتیلە چیرۆک بە ئەندازەیەک گرینگی بە کورت کردنەوە و چڕکردنەوە دەدات، کە تەنیا ڕەگەزە سەرەکییەکانی بەرهەمەکە لە مەکترین و کورترین شێوەدا دەپارێزێ و لەبەر ئەم هۆیەوەش ڕووتی و کەم وشەیی درەوشاوەترین تایبەتمەندی مینیمالیستین)) (158THE ENYCLOPEDIA OF BRITANICA,P)، یان ((کورتیلە چیرۆک جۆرە کردەیەکی ئاگایانەیە لە ئەفراندنی بەرهەمی چیرۆکییدا، کە لە ڕێگەی هەندێک وشەوە دێتە بوون و تا ئەو ڕێگەیەی کەچەمک و بابەتی قووڵ و پۆشراو دەخاتەڕوو)) (فاطمە خلخالی استار، 1385، ل40). بە باوەڕی (عبدالله ابو هیف) کورتیلە چیرۆک شێوەیەکە لە شێوەکانی گێڕانەوە کە چڕکراوەتر و زیاتر خاوەن ڕەوانبێژیترە لە کورتیلە چیرۆک و چیرۆکی مامناوەنددا)) (عبدالله ابو هیف، 2005، ل72). لە فەرهەنگی (سیماداد)دا وا پێناسەی کورتیلە چیرۆک کراوە: ((جۆرە چیرۆکێکە، کە سەرەڕای پاراستنی تایبەتمەندییە سەرەکیەکانی کورتە چیرۆک، بەڵام لەو کورتتر و پوختترە)) (سیماداد ، 1390، ص215). (دکتۆر خەلیل دیاب) وا پێناسەی دەکات کە هونەرێکە کەمترین ڕووداوی تێدایە، یەک ڕووداو لە سەردەستی چەند کەسایەتییەکی دیاریکراو، یان تاکە کەسایەتییەکی یەکلاکەرەوە گەشەدەکات، و هەروەها لە چوارچێوەیەکی زۆر دیاریکراوی کات و شوێندا دەبێت (زراری، 2013: 70). لە ڕوانگەی چیرۆک نووسێکی وەکو (محمد فەریق حەسەن)یشدا ((وردیلە چیرۆک ژانرێکە سەر بە هونەری گێڕانەوە و بریتیە لە وێناکردنی هەڵوێستێک بە کەمترین وشە، چونکە نە لە سەر

وەسفی قارەمان و شوێن  و ئیکسسوارەکانی قارەمان دەوەستێت و نە درێژەش بە گێڕانەوەی بێزارکەر دەدات، بەڵکو خۆی لە گوتوبێژی کورت و ئاماژەدا چڕدەکاتەوە، ئەگەر چی لە ڕووبەرێکی کورتیشدا بیچمگیرە، وەلێ رەگەزەکانی چیرۆکی لە ڕووداو و گرێ و چنین و قارەمانیدا تێدایە)) (حەسەن ، 2012: 276). لە کرۆکی ئەو پێناسانەی خرانەڕوو، گرینگترین  شتێک کە ڕەخنەگر و نووسەران لە چیرۆکی مینیمالیستیدا جەختیان لەسەر کردۆتەوە چڕکردنەوە و کورتکردنەوەی پانتایی زمان و کارەکتەر و ڕووداو و کەسایەتییە، بە چەشنێک کە ئەو چیرۆکە چەشنە فۆرمێکی کورت دەنوێنێت و گشت شتێک تێیدا بچووککراوەتەوە و لەگەڵ ئەمەشدا ڕەگەزە پێویستییەکانی چیرۆکی تێیدا ئامادەیی هەیە .

**٣-قەوارەی کورتیلە چیرۆک:**

مەبەست لە قەوارەی کورتیلە چیرۆک فۆڕم و ڕووکاری دەرەوەی دەقە کە لە ژانرە چیرۆکییەکاندا بە ژمارەی وشەکان دەپێورێت، کورتیلە چیرۆکیش خاوەنی قەبارەیەکی تایبەت بە خۆیەتی، بەڵام ئەم قەبارەیە تا ڕاددەیەک چێوەیی ولاستیکییە، بەو واتایەی لای تیۆریست و ڕەخەگرانی ئەو بوارە درێژی کورتیلە چیرۆک یەکسان نییە و بگرە لای هەریەکێکیان درێژییەکی دیاریکراوی هەیە. هەندێک ڕەخنەگر لە ژێر ناونیشانی کورتیلە چیرۆکدا سێ جۆر قەوارە بۆ سێ چەشنە چیرۆک جیادەکەنەوە :

1-لە سی وشە تێپەرناکات (نزیکەی سێ دێڕ)

2-لە سەد وشە تێپەر ناکات (نزیکەی لاپەڕەیەک)

3-لە هەشت سەد وشە تێپەرناکات ( نزیکەی چوار یا پێنج لاپەڕە) (حسین ، 2010: 33).

(جیفر تۆماس)ی چیرۆکنوس لە کۆمەڵە چیرۆکی (باشترین منداڵی جیهان)دا چیرۆکی (250) تا (750) وشەیی بەرجەستە کردووە و لە فەرهەنگی هونەری چیرۆکنووسیدا (500 تا 1500) وشە بەرامبەر بە کورتیلە چیرۆک و لە کتێبی (ڕێنمایی ئەدەب)ی هیو هۆلمەن و ویلیام هارمەن (500 تا 2000) وشە بەرامبەر بە کورتیلە چیرۆک دانراوە (علی پور ، 1391: 165). کەسانی دیکەی وەک (جمال میر صادقی و ذوالقدر) دەڵێن: کورتیلە چیرۆک لە کورتە چیرۆک کورترە  و ژمارەی وشەکانی لە پێنج سەد وشە کەمترنییە و لە هەزار و پێنج سەد وشەش زیاتر نییە (میر صادقی و ذوالقدر ، 1377: 100). نووسەری ئەمریکی (جۆن ئۆهارا) نووسینی کورتیلە چیرۆکی لە لاپەڕەیەک یا نیو لاپەڕدا تاقیکردۆتەوە (هناوی، 2012: 5). هەرچی (هیمینگوای)یە ئەوا لە ساڵی (1925)دا ناوی لە دەقێکی خۆی ناوە (کورتیلە چیرۆک) کە ژمارەی وشەکانی لە هەشت وشە پێکهاتووە (حمداوی، 2009: 5). لە بەر ئەم هۆیانە کورتیلە چیرۆک، شێوەیەکی جێگیر و چەسپاوی نییە و ناتوانرێ بەوردی دیاری بکرێت کە ژمارەی وشەکانی لەچەند وشەدایە، بەڵام ئەوە هەیە کە بە هیچ شێوەیەک لە سەرووی هەزار و پێنج سەد وشە تێپەڕناکات و لە دیرێکیش کەمتر نییە کە نزیکەی حەوت یا هەشت وشە دەکات، هەروەها لای هەندێک ڕەخنەگریش قەوارەی ئەم جۆرە چیرۆکە لە (60) وشە تێپەڕ ناکات (المالکی، 2015: 98).

**٤-کورتیلەچیرۆک لە نێوان ژانربوون و ژانر نەبوون دا:**

مەبەستمان لە ژانربوون یا ژانرنەبوون لێرەدا ئەوەیە کە ئایا کورتیلە چیرۆک لە نێو ئەدەبیاتی جیهانی و ئەدەبیاتی کوردیدا وەکو ژانرێکی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت یاخود لە ژێر چەتری ژانرێکی دیکەدا پۆلێن دەکرێت، ئەم پرسیارەش دەمێکە ئەو ڕەخنەگرانەی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە کە لەو بوارەدا کاردەکەن. ڕەخنەگرانی کورتیلە چیرۆک لە بارەی بەژانر بوونی ئەم هونەرە دابەشی سەر دوو ئاڕاستە دەبن: یەکەمیان ئاراستەیەکە کە کورتیلە چیرۆک وەکو یەکەیەکی سەربەخۆ دادەنێت و بە ژانری هەژمار دەکات، هەرچی دووەمە ئەوا کورتیلە چیرۆک بە ژانر دانانێت بەڵکو بە شێوەیەکی نوێ یا لقێکی چیرۆک هەژماری دەکات. (لالاند) دەڵێت: زاراوەی ژانر بە دوو شتی هاوشێوە دەوترێت کە هاوبەشن لە هەندێک تایبەتمەندی گرینگدا (حمداوی ، 2013: 64). بەڵام ئایا کورتە چیرۆک و و کورتیلە چیرۆک هاوشێوەن؟ بێگومان نەخێر لەبەر ئەوەی ڕاستە هەندێک رەگەزی هاوبەش بەکاردەبەن، بەڵام لە ڕووی زمان و شێوە و بابەت و زۆرێک لە رەگەزەکانی دیکەوە جیاوازییان هەیە، لەم بارەیەوە (خۆسێ خیمینس مۆنتانۆ) دەڵێت: ((هەر جۆرە گێڕانەوەیەک پلەیەکی باڵای ناوەکی هەیە و پێی دەوترێ TEMPO یا نمرەی خێرایی لە چڕینی پارچەی مۆسیقادا، کورتیلە چیرۆکیش خێراییەکی تایبەتی هەیە کە پشت دەبەستێت بە سڕینەوە و تاشین و ڕێکخستن و ئابوری کردن و بونیاتێکی پوختە کراوی ورد و قووڵ)) (عبدالواحید، 2004 :11). بە باوەری (د.عبدالرحمن الکردی) کارێکی قورس و ئەستەمە وەکو ژانرێکی ئەدەبی سەربەخۆ قسە لەبارەی کورتیلە چیرۆکەوە بکەین، لەبەر ئەوەی سەربەخۆ نییە، بەڵام دەشێ قسە لەبارەی چەند نموونەیەک

و دەقێک بکەین کە سەربەخۆن لە کورتە چیرۆک و لە هەندێک لایەندا لێک جیاوازن (الكردی، 2012: 65). هەروەها (د.محمد القاضی) هەمان بۆچوونی هەیە و پێی وایە کە کورتیلە چیرۆک ژانرێکی سەربەخۆ نییە، بەڵکو بریتیە لە لقێک لە ژانرێکی گەورەتر کە کورتە چیرۆکە (القاضی ،2012: 70). هەرچی (د.جمیل حمداوی) یە ئەوا لە کتێبی (القصة القصیرة جدا، قضایا و مشاكل و عوائق)دا ئەو پرسیارە دەکات کە ئایا کورتیلە چیرۆک ژانرێکی سەربەخۆیە، پاشان وەڵام دەداتەوە بەوەی کە ژانرێکی ئەدەبی و سەربەخۆ و پاکە مادام پشت بە بنەما و مەرجەکان دەبەستیت، بنەماکان بریتین لە ڕەگەزە جێگیرەکان کە ناتوانرێت خۆیان لێ دوورە پەرێز بگرێت، بەڵام مەرجەکان لاوەکین و گۆڕاو و جوڵاون و لەمەشدا هاوبەشی هەیە لەگەڵ تەواوی ژانرە ئەدەبیەکانی دیکەدا .(WWW.DROOB.COM)

هەرچی (داڤید گمانۆڤیچ)ە لە کتێبی (چیرۆکی گەردیلەیی، تیۆر و مێژوەکەی)دا دوو جۆرە بۆچوون لە لێکۆلینەوەکانی کورتیلە چیرۆکدا ڕوون دەکاتەوە: یەکێکیان بۆچوونی سەرووی ژانرەکانە و وا دیاری دەکات کە بە بوونەکەی شێوەیەکە ژانرە جۆراوجۆرەکان تێکدەشکێنێت یاخود لێیان تێپەردەبێت، دووەمیشیان بۆچوونی گێڕانەوەییە کە ئەولەویەتیش بە گرێی گێڕانەوەیی و شاراوەیی دەدات (القاضی ، 2012: 73)، ئەمەش ئەوە دەگەینێت کە کورتیلە چیرۆک شێوەیەکی هونەرییە و وەکو ژانرێک هەژماردەکرێت کە جیاوازە لە ژانرەکانی دیکەدا، لەولایتریشەوە پێکهاتەیەکە کە ژانرەجۆراوجۆرەکان لە ناو هەناوی خۆیدا دەتوێنێتەوە و سوود لە گشتیان وەردەگرێت. بە بۆچوونی ئێمە کورتیلە چیرۆک ژانرێکی

ئەدەبی سەربەخۆ و نوێیە، ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەو ئامرازە بنەڕەتییانەی کە لە بونیاتەکەی بەکاری دەهێنێت نویَ و تازەن و وەکو (دەقئاوێزان و چڕکردنەوە و بەڕەتکردنەوە و بە ئاژەڵ کردن و ئیمەی سەرسووڕهێنەر و ورژێنەر ...) کە لە کورتە چیرۆکدا بەکارهێنانیان بەو شێوەیە نییە و هەروەها لە ڕووی زمان و وێنەی هونەریشەوە ژانرێکی نوێیە و جیاوازە لە کورتە چیرۆک کە بێگومان دەرکەوتنەکەشی پەیوەستە بە سەردەمی جیهانگیری و خێرایی ڕۆژگار و چاپەمەنی و دەتوانێت خۆی لەگەڵیاندا بگونجێنێت.

**٥- تایبەتمەندییەکانی مینیمالیزم لە کورتیلە چیرۆکدا**

کورتیلە چیرۆک هەروەک لە پێشووتردا و لە بارەی زاراوە و پێناسە و بەژانر بوونییەوە باسمان لێوە کرد کە هەڵگری بیروڕای جیاواز و یەکنگرتووە، بەهەمان شێوە لە بارەی تایبەتمەندییەکانیشییەوە ئەم جۆرە فرە بۆچوونە دەبینرێت بە چەشنێک هەر ڕەخنەگرێک کۆمەڵێک تایبەتمەندی دەداتە پاڵیەوە، لەگرنگترینی ئەم تایبەتمەندییانەش کە بۆ کورتیلە چیرۆک دیاری دەکریت، زۆرجار بە زمان، یان بە تەکنیک، یان بە شێوە ، یان بە تیمە و ناوەڕۆکەوە دەبەسترێنەوە. بە باوەری (د.عبدالحكيم سليمان) کورتیلە چیرۆک پێویستە هەڵگری ئەم تایبەتمەندییانەی خوارەوە بێت:

1-گێرانەوەیی

2-چڕکردنەوەی زمانی

3-یەکێتی ئۆرگانیکی بۆ بابەتەکە

4-ئامادەگی پارادۆکس (جیاوازی و حەقیقەت)

5-کاریگەری ڕستەیی، یان ڕستەی ڕووداوی (المالکی،2015: 98-99).

بەڵام ( جۆن بارت) کۆمەڵێک خاسییەتی دیکە دیاری دەکات، کە پێویستە لە بونیاتی کورتیلە چیرۆکدا هەبن ئەوانیش بریتین لە:

1-وشەی کورت و بچکۆلە

2-رستە و پەرەگرافی کورت

3-کەسایەتی دیاریکراو

4-کردەوە و دژەکردەوە

5-بارستایی دیاریکراو

6-جێکردنەوەی هەژمارێکی کەمی چیرۆک لە یەک بەرگدا (تەرەغە، 2013: 45-46).

ئەم تایبەتمەندییانە گشتیان لایەنی زمانین و پەیوەستن بە ئابووری کردنی وشە و ڕستەوە، کە مینیمالیزمەکان گرنگی تایبەتیان پێداوە، ئەمە سەرباری بوونی دوو بونیاتیتر کە یەکێکیان ڕووکەشە و وشەکان دەنوێنێت، لەگەڵ بونیاتێکی دیکەی قووڵی شاراوە کە نووسەر مەبەستیەتی لە ڕێگەی ئاستی ڕووکەشەوە بیگەینێت.

ڕەخنەگری فەنزوێلی (لویس بریرا لیساریس) ئەم خاسییەتانە بۆ کورتیلە چیرۆک دیاری دەکات:

1-ئامادەگی ڕەگەزی سەرسوڕهێنەر: بەو واتایەی کۆتاییەکەی بە تەواوەتی جیاوازە لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر

2-پەیوەندی نێوان ناونیشان و گرێچن و کۆتایی

3-ڕێکخستنی ڕستەکان لە ناو دەقەکەدا: خۆ پارێزی لە ڕستەی درێژ

4-خۆپاڕێزی لە لێکدانەوە و شیکارکردن کە سیحرە تایبەتەکە ون دەکەن

5-هەمەجۆریی کۆتایی: سوپڕایز و شکاندنی بابەتێتی و وانەی ئەخلاقی و پەند و یاریکردن بە وشەکان

6-یاسای گێرانەوەیی: لابردنی وەسف و ڕامانە فەلسەفییەکان

7-دەق کورتە، نەوەک نوکتە بێت (عبدالواحد، 2004: 32) .

لە وانەی سەرەوە دەگەین بەو خاڵە کە کورتیلە چیرۆک هەوڵدەدات ئەو یاسا و تەکنیکە مینیمالیستیانە بەکار بهێنێت کە ڕەخنەگرانی ئەو بوارە جەختیان لەسەر کردۆتەوە، لە گرنگترینی ئەمانەش بریتین لە کورت بڕی و چڕکردنەوەی زمانیی کە بەشێوەیەکە زۆرترین واتا لە خۆ دەگرێت و لەو ڕێگەیەشەوە نووسەر دەیەوێت زۆرترین بیرۆکە بە کەمترین وشە دەرببرێت و خوێنەر بخاتە بارودۆخێکی شیکردنەوەیی، هەروەها بەکارهێنان و سوود وەرگرتن لە بابەتی سەرنج ڕاکێش و ورژێنەر و ئاوڕلێنەدراوە، کە ئەمەش وا دەکات دەقەکە جۆرە چێژێکی نوێ ببەخشێت بە خوێنەر و نووسەریش بتوانێت مانای نوێی لەسەر باربکات، لەولایتریش یاریکردن بە ڕستە و گوتەکان لە نێو دەقەکەدا

بۆ خولقاندنی جۆرە ئاڵۆزییەک و پچڕاویەک بەمەش ڕستەکان شێوەیەکی ڕەمزی وەردەگرن و دوور دەکەونەوە لە واتا ڕاستەقینەکانیان.

## بەشی دوەم : تایبەتمەندییە مینیمالیستییەکان لە کورتیلە چیرۆکەکانی تێکۆشەر خالید دا

### ئەلف-چڕکردنەوە:

چڕکردنەوە بە واتای پوختەکردنی چیرۆک و کورتکردنەوەی ڕووداوەکان و مشت و ماڵ کردن و پێکەوە بەستنیان لە کردارە سەرەکییەکان و ڕووداوە ناوەکییە چڕکراوە سادەکان و خاڵی بوون لە ئەرکە لاوەکییە تەواوکەرەکان و دوور کەوتنەوە لە وەسفە فراوانەکان و خۆ پارێزی کردن لە وەسفی کەش و ئەتمۆسفیرەکان دێت (حمداوی ،WWW.ALUKA.NET). چڕکردنەوە لە دەقی کورتیلە چیرۆکدا کۆمەڵێک ئەرکی گرنگ دەبینێت کە تەواوی ئاستەکان دەگرێتەوە: لە ئاستی زماندا لە پێکهاتەی وشە و ڕستەدا ، لە ئاستی بابەتی گێرانەوەیی و ڕێگای بەکارهێنان و هەڵبژاردنی بیرۆکە و پارێزگاری کردن لە گەرمی و زیندوویەتی بابەت و گرتنی لێدانی ڕووداوەوە کە لە حاڵەتی ورووژان و ڕەنگ دانەوە دایە، سەرباری ڕەتکردنەوەی بۆ لێکدانەوە و هۆکارییەتی و شیکردنەوە و بانگەواز بۆ نەبوونی پەراگەندەیی ڕووداو، و هەروەها سڕینەوەی پەیوەندییەکان و سوود وەرگرتن لە جێناوەکان و ئابووری کردن لە وەسف و ئەرکەکانی چڕکردنەوەن. لە کورتیلە چیرۆکەکانی تێکۆشەر خالیددا دەتوانین لە چەند لایەنێکەوە سەیری ئەو چڕکردنەوانە بکەین کە نووسەر ئەنجامی داون.

## 1-ئابووری کردن له وەسفدا:

لەم لایەنەوە نووسەر هەوڵی داوە بەکەمترین وەسف، یاخود لە هەندێک لە کورتیلە چیرۆکەکاندا هەر ڕوو لە وەسف نەکات، بە نموونە لە چیرۆکی (فرمێسکی باوک)دا: ((کورم تۆ دەبێت بزانیت لەگەڵ کێ هاورێ دەبیت. ئەمەت بۆ لەبیر کرد؟ 24ساڵ بەدواتەوە دەگەرێین، چاوەکانت بکەوە! ئێستا تکایە مەمرە ...)) (خالید، ٢٠١٣: 51)، لەم کورتیلە چیرۆکەدا نووسەر بە هیچ کلۆجێک ڕووی لە وەسف نەکردووە و بەڵکو لە ڕێگەی گێڕانەوەی تاکە ڕووداوێکەوە بونیاتی کورتیلە چیرۆکەکەی پێک هێناوە، هەروەها لە کورتیلە چیرۆکی (بیست و چوار ساڵی دیکە)دا، نووسەر لە کورتترین و کەمترین پانتاییدا پەنای بۆ وەسف بردووە: ((دوای بیست و چوار ساڵ تەباشیرەکەی بۆ مامۆستاکەی بردووە. مامۆستاکە چاوەکانی کز ببوون، مەحاڵ بوو کورە لاوەکە بناسێتەوە، بەڵام یادەوەرییەکانی لەگەڵدا دەژیان، ئەو گریاندنی)) (خالید، ٢٠١٣: 64). نووسەر بە دەربڕینی دەستەواژەکانی (چاوەکانی کز ببوون) و (یادەوەریەکانی لەگەڵیدا دەژین) وەسفی بارودۆخی بیری مامۆستاکە دەکات و هەوڵی ئەوە نادات گشت لایەنەکانی وابەستە بە کارەکتەرەوە وەسف بکات بەڵکو بەو لایەنانەی کە پێویست و گرنگن وەکو هەستی بینین و یادەوەری کەسەکە وەسفیان دەکات و تیشکیان دەخاتە سەر.

## 2-ئابووری کردنی وشە و ڕستە:

ئەم لایەنە لە دەقی کورتیلە چیرۆکدا بۆ چڕکردنەوەی زمانیی سوودی لێوەردەگیردرێت، ئەمەش لە دوو ڕێگەوە، یەکەمیان تایبەتە

به وشەوە کە لە جیاتی وشەی درێژ و ناوی کارەکتەر و نووسەر جێناوەکان بەکار دەبرێن و دووەمیشیان ئاستی ڕستەیە کە نووسەر زیاتر پشت بەو ڕستانە دەبەستێت کە لە شێوەی وەڵام دانەوەن یان لە ئاستی مۆرفۆسینتاکسدان، واتە ئەو ڕستانەی کە دەتوانرێت لە ڕێگەی وشەیەکەوە دەربېردرێن. لە کورتیلە چیرۆکی (دوو عاشقی هەڵاتوو لەناو بەفرەکەدا رۆژیان کردەوە)دا نووسەر توانیویەتی بە کورتترین ڕێگە ڕستەکانی دەرببرێت:

-گەر دڵەکانمان بکەینە چرا بۆ ئەو سەر، ئەوا ڕووناکترین کۆتایمان دەبێت.

-گەر چراکانمان خۆش بوێت چی!

-ئیتر دڵەکانمان بەجێ دەمێنێت.

-بەجێ دەمێنێت!

-بەجێ دەمێنێت.

-بیرم کەوتەوە، من دەترسم.

-چی؟

-گۆڕستان ... (خالید،٢٠١٣: 84).

نووسەر رستەکانی (بەجێ دەمێنێت، دەترسم، چی) لە ئاستی مۆرفۆسینتاکس دەربڕیوە، هەروەها سوودی لە جێناوی لکاوی (مان و من) وەرگرتووە لە بری دەربڕینی ناوی کەسایەتییەکان جگە لەمەش بە بەکارهێنانی شێوازی دیالۆگی هەموویان، چڕکردنەوەیەکی دیکەی بە وشە و ڕستەکان داوە. بە نموونە وشەی کۆتای ڕستەکە (گۆڕستان)، کە دەربڕینی هەستی ترسی

کارەکتەرەکە واتای زیاتر لە وشەیەک دەگەینێت و تێدەپەڕێت بۆ ڕستەیەک. لە کورتیلە چیرۆکی شاردا چڕکردنەوە گەیشتووەتە بەرزترین پلە، ئەمەش لەبەر ئەوەی نووسەر توانیویەتی لە ڕێگەی تاکە ڕستەیەکەوە: ((دوو لاوە هەژارەکە دەستکێشە ڕەشەکانیان کردە دەستیان)) (خالید، ٢٠١٣: 77) بیرۆکەی چیرۆکەکەی بگەینێت و چەندین بیرۆکە بوروژێنێت لە مێشکی گوێگردا، بێ ئەوەی ناوی هیچ یەکێک لە کارەکتەرەکان ببات، یاخود وەسفیان بکات تەنیا ئەوە نەبێت لە ڕێگەی وشەی (هەژار) و (دەستکێشی ڕەش)ەوە خوێنەر هەست بە بارودۆخی ژیان و گوزەرانی کارەکتەر دەکات.

## 3-ڕوون کردنەوەی کات و شوێن:

ئەگەر کات و شوێن لە چیرۆک و کورتە چیرۆکدا ڕۆڵێکی سەرەکییان هەبێت، ئەوا لە کورتیلە چیرۆکدا بەم شێوەیە نییە و نووسەر دەتوانێت ئازادانەتر مامەڵەیان لەگەڵدا بکات، بە جۆرێک دەتوانێت ڕوونکردنەوە و وەسفی زیادەیان لەسەر نەدات، یان لە هەندێ باردا دەتوانێت لایانبەرێت. لە کورتیلە چیرۆکی (دۆزینەوەی دورگەیەکی تر)دا نووسەر بایەخی بە کات نەداوە و شوێنیش لە ڕوبەڕێکی تەسکدا خراوەتە ڕوو: ((پیاوە سمێڵ زلەکە: گوێبگرن من خاوەنی ئەم دورگەیەم. دوورگەییەکان: بەلێ گەورەکان. سبەی هەمووان ئەو شوێنەیان چۆڵکرد، دورگەیەکی دیکەیان دۆزیەوە. ئێستە فەرمانداری دورگە تازەکە، پیاوە سمێڵ زلەکەیە)) (خالید، ٢٠١٣: 72)، وەکو دەبینین نووسەر بۆ تێپەراندنی ڕووداو لە گۆشەیەکەوە بە تاکە وشەیی (سبەی) کاتەکە دیاری دەکات و شوێنیش لە ڕووبەری (دورگەیەک)دایە، بێ ئەوەی هیچ جۆرە ڕازاندنەوەیەکی بۆ کرابێت، یاخود ناوێکی دیاریکراوی درابێتە پاڵ.

له چیرۆکی (مردن له ناوەوە)دا نووسەر بە هیچ کلۆجێک باسی ناکات و بەتەواوەتی دەیسڕێتەوە: ((له ناوەوە هەستی بە بڕینی ریخۆلەکان دەکرد. بە جێمانی مقەسێکی نەشتەرگەری لە ناو سکدا، چەندە بە ئازارە)) (خالید، ۲۰۱۳: 56).

## 4-سوود وەرگرتن لە ڕەمز یان بە ڕەمزکردن:

کورتیله چیرۆک بەوە جیا دەکرێتەوە کە هەوڵدەدات ئەو ڕەمزانە بخولقێنێت کە تایبەتن بە خۆی و سوودیش وەردەگرێ لە ڕەمزەکانی پێشوو، تاوەکو کۆتاییەکەی (حسین، 2010: 61). نووسەر لە ڕێگەی ڕەمزەوە ڕێگە لە درێژەدادڕی وەسف دەگرێ و زمان بەرەو ئاراستەیەکی ئاماژەیی دەبات و وشەکان قوفڵ دەدات بەڵام چەند کلیلێک جێ دەهێڵێت بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا خوێنەر بتوانێت لە ڕێگەیانەوە پەی بە ڕەمزەکان ببات و بیانکاتەوە. لە ڕێگەی داهێنان لە ڕەمزکاریدا نووسەر دوور دەکەوێتەوە لە دووبارە کردنەوە و جوینەوە، لەبەر ئەوەی ڕەمز لە بەکارهێنانە ئاساییی و شکلیەکاندا نامێنێتەوە، بەڵکو دەگۆڕێت بە هۆی ئامرازی هەڵبژاردنی ورد و دژ بۆ بارگەیەکی ئاست سەربەخۆ و سەر لە هۆشیاریی گشتی دەشێوێنێت (الیاس، 2010: 138). لە کورتیله چیرۆکەکانی تێکۆشەر خالیددا بە ئەندازەی پێویست گرینگی بە ڕەمز دراوە و هەروەها نووسەر هەوڵی خولقاندنی مەدلولی نوێی داوە لە ڕێگەی بە ڕەمزکردنی دالەکانەوە تاکو ڕەنگدانەوەی جۆراوجۆری هەبێت لای خوێنەری دەقەکانی. لە کورتیله چیرۆکی (سروشت)دا نووسەر هەوڵی بەڕەمزکردن و پەردە پۆشکردنی دەربڕینەکانی داوە: ((باڵندەکان خۆش دەیانجریواند، کەش سایەتی ساماڵ بوو، دارستانە زۆر چڕەکە هی ئەوە نەبوو کە مرۆڤ لێی بترسێت. تیشکی خۆر و

لقوپۆی درەختەکان، نەخشەسازییەکی بێوێنەیان لەسەر زەوییەکە نەخشاندبوو، بەڵام ئەمانە چ سوودێکیان هەن بۆ شەمشەمە کوێرەکان! "کەسێک، کە ڕەنگە ڕاوچی بێت، لە دارستانەکەدا خەریکی کەوڵکردنی شەمشەمە کوێرەکانە")) (خالید، ۲۰۱۳: 54). لەم دەقەدا نووسەر وشەکانی (شەمشەمەکوێرە) و (راوچی) وەکو ڕەمزێک بەکار بردووە و لەبەر چاوی خوێنەردا چەندین واتای دوور دەبەخشن کە جیاوازن لە واتای ڕووکەشیی وشەکانەوە، هەروەها لە کورتیلە چیرۆکی (کوژران)دا: ((پیاوێک دوو کەسی باریک و لاوازی لە باڵکۆنی ماڵەکەیەوە هەڵدایە خوارەوە و ژنەکەی کە لەبەر چاوی بوو بووە سۆزانی سەربڕی و خۆیشی بە پشتونینەکەی خۆی خۆی خنکاند. پیاوەکە ناوی شینەی عەبەی چەقۆبوو)) (خالید، ۲۰۱۳: 78). نووسەر ڕستەی (پیاوەکە ناوی شینەی عەبەی چەقۆ بوو) ی کردۆتە ڕەمزێک و چەند کۆدێکی بۆ داناوە، کە ڕەنگە یەکێ لە لێکدانەوەکانی ئاماژە بێت بۆ دواکەوتوویی بیری پیاوی سەردەم و یەکێکی دیکە ئاماژەبێت بۆ دڵپیسی و ئەوەیتریش بیرهێنانەوەی کاروکردەوەی ئەو پیاوە بێت کە هەمیشە سەروکاری لەگەڵ چەقۆدا بووە و لە بارێکی دەروونی خراپدا ژیانی گوزەراندووە.

**5-کورتکردنەوەی گێڕانەوە:**

مەبەست لەو جۆرە چڕکردنەوەیە ئەوەیە کە لە کورتیلە چیرۆکدا، چیرۆکنووس لە ڕێگەیەوە هەوڵدەدات یاساکانی ریزکردنی ڕووداو و گێڕانەوەیان تێکبدات، بەو واتایەی نووسەر لە هەرسێ قۆناغی سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی بەسەندە بە یەکێک لەو سێ رەگەزە دەکات لەبەر ئەوەی یەک هەڵوێستی کاریگەر وێنە دەکێشێت کە چرکە ساتێکی چاوەڕوانییەکی تاقەت پڕوکێنە، یان چرکەساتی

لێکدابرانێکی بەئازارە، یان دیدارێکی خۆش، یان دیمەنی پیاوێکی چاکە لە هەڵوێستێکی سەرزەنشتکردندا (الكردي،2012: 67). لە کورتیلە چیرۆکەکانی تێکۆشەر خالیددا کورتکردنەوە و پوختەکردن لە گێڕانەوەی چیرۆکدا ئەنجام دراوە، بە جۆرێک کە زنجیرەی ڕێکخستنی ڕوداو، یان سێ یەکەکەی (سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی) دەستکارییان کراوە و لە هەندێکیشیاندا یەکێک یان دووان لەو سێ ڕەگەزە ون دەبن. لە کورتیلە چیرۆکی (ڕووداوی کاتژمێر12 ی شەو)دا، نووسەر چیرۆکەکە لە دوا چرکەساتەکانی کۆتاییدا دەگێڕێتەوە: ((یانی ئەوە نیە بوێری، ناڵێی بمبورە؟! بۆ دواین جار پێت دەڵێم: بڵێ داوای لێبوردن دەکەم! "پیاوی خاوەن ئۆتۆمبێلە ڕەشەکە ئەوەندەی بە پیاوە لاڵەکە گوت و کوشتی")) ( خالید، ٢٠١٣: 52)، لێرەدا نووسەر نەهاتووە زنجیرەی ڕوداو بەشێوەی سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی ریزبکات، بەڵکو لە ڕێگەی کورتکردنەوەوە گرینگی بە (کۆتایی) چیرۆکەکە داوە و لە چرکە ساتەکانی دواییدا ڕووداوەکەی خستۆتە ڕوو. لە کورتیلە چیرۆکی (بە گوێزان دەماری مل بڕین)دا: ((شۆفێری ئۆتۆمبێلەکە بەرەو تاق فولکەی سەروو کۆلانی برایم ئەحمەد دەڕۆیشت، لە ناکاو پشیلەیەک کەوتبووە ژێر تایەی ئۆتۆمبێلەکەیەوە – یانی خۆ کوشتن ژیی بە ئازار لە پێناو پشیلەیەکدا!؟)) (خالید، ٢٠١٣: 76)، لەمەشدا نووسەر سەرەتا چیرۆکەکەی قرتاندووە و لە دواچرکەکانی ناوەڕاستی ڕووداوەکەوە دەڕوات بەرەو کۆتاییەکی خێرا و کتوپڕ، کۆتاییەک کە مەودای لەگەڵ ناوەڕاستدا نییە و لەگەڵ تەواو بوونی ناوەڕاست کۆتایی پێدێت، ئەم جۆرە گێڕانەوەی ڕوداوە لە چیرۆکی (ژنێک، کە خەونی دەبینی، لەناکاو خەونەکەی پچڕا و بۆ هەتاهەتایە بە ئاگا

نەهاتەوە. ژنێک لەسەر سیسەمە زەردەکە پاڵ کەوتووە) (خالید، ٢٠١٣: ٧٩)، نووسەر لە ناوەڕاستی ڕوداوەوە کە خەونی ژنێکە کۆتایی بە ڕووداو دێنێت و گێڕانەوە دەوەستێت، بە جۆرێک کە پەیوەندییەکی ئەوەندە توند و تۆڵ لە نێوان ناوەڕاست و کۆتایی ڕووداو هەیە کە ئەستەمە لەیەکدی جیابکرێنەوە.

**6-خێرایی:**

تەکنیکێکی زەمەنییە لە ڕێگەی بەکارهێنانی شێوەی حیکایەتی کاتیی، کورتیلە چیرۆک کورت دەکاتەوە و پوختی دەکاتەوە بۆ کەمترین قەبارە، خێرایی دابەش دەبێتە سەر دوو جۆر:

**1-سڕینەوە:**

ئەمەش دوو شێوەی هەیە، دیار بە دەستەواژەی تێپەڕینی چەند ساڵ یا چەند رۆژ، نادیار یا ناوەکی کە بەوردی ماوەکەی دەست نیشان نەکراوە.

**2-پوختە (الخلاصة):**

تەکنیکێکی زەمەنییە، کە گێڕەرەوە هەڵدەستێت بە گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانەی کە چەند کاتژمێرێک یان چەند رۆژ و هەفتەیەکیان بە پوختەکردنیان خایاندووە، لە چەند دێڕێک دا بە بێ قووڵ بوونەوە بۆ ناو بەشەکان و شتە لاوەکییەکان و وردەکاری کارەکان و شتەکان (الیاس ،2010: 112). لە کورتیلە چیرۆکەکانی ناوبراودا خێرایی گرینگی تایبەتی پێدراوە لە پێناو چڕکردنەوەی دەقدا و توانیویەتی سوود لە هەردوو تەکنیکی سڕینەوە و پوختەکردن وەربگرێت. لە کورتیلە چیرۆکی (پشیلەکان)دا نووسەر بە سوود

وەرگرتن لە سڕینەوەی دیار کاتێکی دوور و درێژ کورت دەکاتەوە: ((... دوای پەنجا ساڵ پشیلەکان هاتنەوە، منالان راوە پیشیلەیان دەکرد و دەیان کوشتن، پیرە پیاوەکانیش ئیدی ببوونە پاسەوانی پشیلەکان)) (خالید، ٢٠١٣: 45). بە هەمان شێوە لە کورتیلە چیرۆکی (لە ڕاستیدا هەڵەیەک ڕوویداوە)، کات کورت دەکرێتەوە:

((هەلەیەک ڕوویداوە : (پیاوەکە چل و چوار ساڵ تەمەنی بوو، کەچی تەنیا بیست و چوار ساڵی سەرەتای لە کتێبی سزا و پاداشت دا تۆمار کراوە).

- بیست و چوار ساڵ لەمەوبەر من هاوسەری خۆشەویستەکەم کوشت.

- فریشتەی ئازیز: کتێبەکەی من هەر ئەوەندەی لێ نووسرا.

- من لە مێژە لە ژوورە تاریکەکەی خۆم نەهاتوومە دەرەوە. ( خالید، ٢٠١٣: 47)

لەم دەقەدا نووسەر سوودی وەرگرتووە لە تێپەڕاندنی کاتێکی دوور و درێژ کە (24ساڵە) لە ڕستەیەکی کورت دا، بێ ئەوەی بچێتە ناو وردەکارییەکانی ئەو بیست و چوار ساڵە، هەر بەهەمان شێوەش سڕینەوەی ناوەکی یا نادیاری لەگەڵ کات دا ئەنجام داوە و بە دەستەواژەی (لە مێژە) کە دیار نییە، چەند کاتێکی خایاندووە، کاتی ڕووداوەکانی کورت کردۆتەوە. لە کورتیلە چیرۆکی (دەرگا ئاسنینەکە)دا نووسەر بە شێوەیەکی ناوەکی و نادیار هەوڵی کورت کردنەوەی ماوە درێژەکانی داوە کە ساڵانێکی دوور و درێژی خایاندووە: ((ساڵانێک بوو لەو دیو دەرکە ئاسنینەکەوە گوێبیستی گریان دەبوون، چەند ساڵ بەر لە ئێستا، لەم ڕۆدا هیچ کەس گوێی

له گریانی نەبوو، دەرکە ئاسنینەکەش بۆ ئەبەد نەکرایەوە. پیاوە تەنیاکە بووە کرمی بچووک و بچووک لە بن دەرگاکە هاتە دەر و کەسیش ئەمەی نەبینی)) (خالید، ٢٠١٣: 41)، نووسەر لە ڕێگەی ئاماژە کردن بە (سالێک بوو، چەند سالێک، بەر لە ئێستا) زەمەنی دوور و درێژی نیشتەجێ بوونی مرۆڤێکی تەنیا کورت دەکاتەوە، بەڵام دیاری ناکات ئەو سالانە چەند بوون کە وایان کرد لە تەنیایی دا ئەو مرۆڤە بمرێت و ڕزی ببێت و جەستەی شی ببێتەوە، بەمەش هەوڵی داوە پوختەی ڕووداوەکە بخاتە بەرچاو و نەچێتە ناو وردەکارییەکانەوە و ئەم پوختەکردنەوەش لە کورتیلە چیرۆکی (پیاوە تەنیاکە)دا ڕوون تر دەردەکەوێت:

((دوای پانزە ساڵ چاوەڕوانی ئێستا ئیدی مووی سەرت سپی، دەمو چاوت پیر دەنوێنێت. گوتت: چیم بەدەست هێنا، گوتی: ڕۆحی پیرۆز. فرمێسکەکانت سڕین و بەناو دیوارەکەدا تێپەریت)) (خالید،٢٠١٣:٦١)، ئەمەش لەبەر ئەوەی تێپەڕینی پانزە ساڵ تەمەنی چاوەڕوانی کارەکتەرەکە لە چەند دێڕێکی کەم دا پوختە کراوە و هیچ لە وردەکارییەکانی ڕووداوەکاندا باس نەکراون، بەڵکو نووسەر یەکسەر دوای ئەو پانزە ساڵە کاریگەرییە بایۆلۆجییەکانی دوای ئەو ماوەیەی چاوەڕوانی نیشاندەدات کە پیری و سەر سپی بوون و چرچ و لۆچییە.

**ب-پارادۆکس:**

واتای هاوسەنگ کردن یا بەرامبەر کردنە، بەراورد کرنی دوو بارودۆخە کە نووسەر پێشکەشیان دەکات لە دژی جیاوازیدا و سەرنجەکان بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن (حسین، 2010: 58).

پارادۆکس هەستەکانمان زیاتر دەکات، بەشداری دەکات لە قوولکردنەوەی تێگەیشتنمان بۆ بابەت و بیرۆکەکان و بە ڕێگە و شێوازێکی ئاماژەیی باشتر لە ڕێگەی ڕاستەوخۆ دەیانگوازێتەوە. ((پارادۆکس ڕۆڵێکی گرینگ لە گێرانەوەی وردیلە چیرۆکدا دەبینێ، پارادۆکس بەو واتایە دێت کە نووسەر بێت ڕووداوێک لەسەر حیسابی ڕووداوێکی دیکە کۆتایی پێبێنێ، کە ئێمە لەبناغەدا ئەوەی دواییمان بەلاوە مەبەست بوو)) (حەسەن، 2012: 28). لە چیرۆکەکانی تێکۆشەر خالیددا پەنا بۆ ئەم تایبەتمەندییە براوە و لە نێو دەقدا سودی لێوەرگیراوە وەکو لە کورتیلە چیرۆکی (لەیبوک)دا دەردەکەوێت:

((لە دوێنێ شەوەوە دەڕشێمەوە، گەرووم بەڵخی گرتووە، دەمەوێت بڕۆمە سەر سەکۆکە و گۆرانی بڵێم، پێم خۆشە هەموان پێم پێبکەنن. نازانم هۆی چییە دەمبینن، دڵیان توند دەبێت! دەگرییێن! ڕوو وەردەگێڕن! یان بۆ کەس گوێی لە دەنگم نییە. "ئەو لەسەرمادا پێستی شین و مۆر بوو بووووەوە، مردبوو")) (خالید، ٢٠١٣: 49). نووسەر دوو ڕووداوی لە کەسایەتییەکدا کۆکردۆتەوە و دەیانگێڕێتەوە. ڕووداوێکیان زیندوویەتی تیایە و جوڵەی لێ دەبینرێت و هەستی بەرامبەر دەردەبرێت، خوێنەر وا هەست دەکات کەسێکی زیندوو بەرامبەریەتی، بەڵام لە کۆتاییدا ئەم هەڵوێستانە وەراوژێر دەبنەوە و ڕووداوەکەی دوایی دژدەوستێتەوە بەرامبەر بەو ڕووداوە پێشوەختەی کە نووسەر لەسەرەتادا دەیگێڕێتەوە. هەروەها لە کورتیلە چیرۆکی (ئازار)دا نووسەر دوو ڕووداوی دژ بە یەک لەگەڵ یەکتر کۆدەکاتەوە و کۆتاییش بە ڕووداوی یەکەم دێنێت لەسەر بالانسی ڕووداوی دووەم: ((پێشمەرگەکان لە

شاخەکەوە دەهاتنە خوارەوە، لە کاتێکدا تەرمی پێنج سەرباز لە ئەشکەوتەکەدا بوون، وا خەریک بوو بۆگەن دەبوون)) (خالید، ٢٠١٣: 53). وەکو دەردەکەوێت ئەم دوو ڕووداوە دژ بە یەک دەوەستنەوە، ڕووداوی یەکەم بۆنی ئازادی و خۆشەویستی لێدێ، بەڵام زنجیرەی ڕووداوەکان هەر بەو خۆشەویستییەوە بەردەوام نابێت، چونکە نووسەر لە نیوەی دووەمی چیرۆکەکەدا ڕووداوێکی دژ بەم ڕووداوە دێنێتە پێشەوە و لە ڕێگەیەوە کۆتایی بەکورتیلە چیرۆکەکە دێنێت و بەمەش جۆرێک لە نەگونجانی هەستەکی دروست دەکات لە نێوان هەردوو ڕووداوەکەدا. لە چیرۆکی (دڵی دایک)دا ئەم دیاردەیە زەقتر و ئاشکراتر خۆی دەنوێنێت: ((دایکێک، کە پینەیەکی گەورەی بە جلە کوردیەکانیەوەیە لە گۆڕستاندا، بە دیار دوو گۆڕەوە دانیشتوو، بۆ دوو کوڕەکەی دەگریێ ، دایکتان فەرامۆش کرد ،کە ئێوە لەسەر دزی کوژراون)) (خالید، ٢٠١٣: 59). خوێنەری ئەم دەقە لە کاتی ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ڕووداوی یەکەمدا وا هەست دەکات کە چیرۆکەکە کۆتاییەکی غەمناک و مەرگەساتی هەیە، بەڵام لەگەڵ هێنانە پێشەوەی ڕووداوی دووەم، بەجۆرێک لە دژیی و پێچەوانەیی دێتەکایەوە، بەڵام نووسەر گونجاوییەکی جوان لە نێوان دوو ڕووداوەکەدا دروست دەکات کە دوای کۆتایی هێنان بە ڕووداوی دووەم، خوێنەر ئەو پەیامە وەردەگرێت کە نووسەر مەبەستی گەیاندنی بووە، ئەویش گەڕانەوەیە بۆ هەمان ناونیشان کە (دڵی دایک)ە. ئەم چەشنە دژڕۆییە لە کورتیلە چیرۆکی (ژنی ژیوان)یشدا بەرجەستەکراوە: ((لەبەر ئاوێنەکەدا وەستابوو، دەگریا، قەڵەم لێوەکەی لەتیاهەڵگرەکە دەرهێنابوو، لە ئاوێنەکەی نووسیبوو: من ئیدی ناگەڕێمەوە. ژنە، هێشتە هەواڵی خۆکوژی مێردەکەی

پێنەگەشتبوو)) (خالید، ٢٠١٣: 60). لێرەشدا بە هەمان شێوە دوو دیمەنی ناتەبا و پێچەوانە لەگەڵ یەکدا وێنەکێشراوە، دیمەنی یەکەم ژنێکی تورە و زیز لە مێردەکەی، کە خەریکی خۆڕازاندنەوەیە لەبەردەم ئاوێنەدا بۆ ئەوەی ماڵەکە جێبهێڵێت و لەسەر ئاوێنەکە ئاماژەیەک بۆ پیاوەکە جێ دەهێڵێت کە ئەو ئیدی ناگەڕێتەوە ئەو ماڵە،بەڵام بێ ئاگایە لەوەی کە پیاوەکە لە بەرامبەر ئەو تورەبوونەی ژنەکەی، یان وەکو کاردانەوەیەک بۆ ئەو گرژییەی لەنێوانیاندا روویداوە خۆکوژی کردووە، لەبەر ئەوە پێش ئەوەی ژنەکە جێی بهێڵێت، ئەو ژنەکەی جێ هێشتووە و هەرگیز چاوی پێناکەوێتەوە. هەروەها  لە کورتیلە چیرۆکی (بەفری شادی)دا نووسەر دوو ڕووداوی نا پەیوەست لە چیرۆکەکەدا بەیەکەوە دەگونجێنێ: ((ئەم بەفرە گاڵتینەیە ، کەچی هێشتا دەتوانێت شادت بکات، - بەفرم وەک ئەسپ خۆش دەوێ – دەزانم هاوڕێیەکیشم ئەسپی هەیە" هەڤپەیڤینی دوو منداڵ، کە باوکیان لە بیابانی خواروو، زیندە بەچاڵ کراون)) (خالید، ٢٠١٣: 85). چیرۆکنووس لە ڕووداوی یەکەمدا گفتوگۆیەک دەگێڕێتەوە کە شادی بەخش و ئارامکەرەوەیە، بەڵام لە کۆتاییدا ڕووداوی دووەم دێنێتە پێشەوە کە جەرگبڕی و نەهامەتی ژیانی ئەو دوو منداڵەی تێدایە، کە لەدەست دان و زیندە بەچاڵکردنی باوکیانە لە لایەن رژێمێکی سەرکوتکەری مرۆڤ کوژ، جێگەی ئاماژە پێکردنە نووسەر زۆر سەرکەتوو بووە لە بەکارهێنانی ئەم جۆرە شێوازەدا، بە جۆرێک کەم چیرۆکی هەیە کە بەم شێوەیە بونیات نەنرابن، ئەمەش جۆرە رازاندنەوە و چێژێکی زیاتر بە خوێنەری دەقەکان دەدات و ئەو ئاسۆی چاوەڕوانییەیان لێ دەشێوێنێت کەپێشتر لەگەڵ

خوێندنەوەی سەرەتای دەقدا بونیاتیان ناوە و ئەمەش لە رێگەی پێچەوانەبوونەوەی ڕووداوی دووەمدا.

**ج- دەستپێک و کۆتایی:**

گرنگترینی تایبەتمەندی و ڕەگەزەکانی کورتیلە چیرۆک بریتیین لە دەستپێک و کۆتایی، یا سەرەتا (الاستهلال) و کۆتا (القفلە) کە ئەگەر سەرکەوتوو نەبێت لە دنەدان و جوڵاندنی مێشکی وەرگر بۆ ئەوەی بچێتە ناو جیهانی دەقەکە، ئەوا وایلێدەکات دووربکەوێتەوە و لێرەدا پێویستە سەرەتا درەوشاوە و پەیوەست بە چیرۆکەکە و بە شێوەیەکی ئۆرگانیکی و فیکری گرێدراویی مەجرای چیرۆکەکە بێت و دیار بێت لە گرێچنی چیرۆکەکە بۆ ئەوەی سەرباری بوونی جوانی و ناسکی بە کۆتاییەکەوە گرێ بدرێت (البطاينة، 2011: 255). لە بارەی گرینگی سەرەتاوە (ئەدگار ئالان پۆ) دەڵێت: ((ئەگەر نووسەر لە یەکەمین ڕستەدا ئەو شتە نەخاتەڕوو کە لەمێشکی دایە ئەوا هەر لەو هەنگاوی هەوەڵینەدا شکستی خواردووە)) (دولتيان،1388: 32). دەستپێک و کۆتایی لە کورتیلە چیرۆکدا جۆری زۆرە، بەڵام گرینگترینیان بریتین لە:

**1-دەستپێکی وروژێنەر و کۆتایی چاوەڕواننەکراو:**

لەم جۆرەدا خوێنەر یەکسەر دەست بە دەقەکە دەکات، بەڵام کۆتاییەکەی لەگەڵ چاوەڕوانی خوێنەر یەک ناگرێتەوە (الياس ، 2010: 188). لە کورتیلە چیرۆکی (یاری منداڵان)دا نووسەر

سوودی لەو جۆرە دەستپێک و کۆتاییە وەرگرتووە: ((خوێنی کوژراوەکە بە شۆستەکەوە مەیی بوو، منداڵانیش کە یاریان دەکرد، سوودیان لێ دەبینی، دەمانچە تەختەکەی دەست دایە و گوتی: دەی بە گاڵتەوە تۆ باوکمی، وەکو ئەولای خوێنەکەوە پاڵکەوە. تاق ...تاق...تاق )) (خالید، ٢٠١٣: 44). نووسەر لە ڕێگەی هێنانە پێشەوەی بابەتێکی وروژێنەری وەکو (مردن) جۆرێک لە ترس و هەستی ورژاندنی لە دەستپێکدا دروست دەکات، بەڵام ئەم ترسە بەردەوام نابێت، چونکە چیرۆکەکە لە کۆتایی دا هەلدەگەڕێتەوە بۆ یارییەکی هاوشێوەی وەک ئەوەی سەرەوە، بەڵام بێ ترس و تۆقاندنی، چونکە ئەمجارە منداڵەکان هەڵدەستن بە یاریکردنێکی لاسایکەرەوەی بێ ترس، بۆیە خوێنەر چاوەڕوانی شتێکی لەو جۆرە ناکات، ئەمەش لەبەر ئەوەی دەستپێک کۆمەڵێک دراوی پێداوە کە وا مەزندە ناکات کۆتایی هاوشێوەی ئەمە بێت. ئەم جۆرە دەستپێک و کۆتاییە لە کورتیلە چیرۆکی (دوایین فیشەک)یشدا بە کارهێنراوە:

((دیکتاتۆرەکە شقارتەیەکی لە گیرفان دەرهێنا و جگەرەیەکی داگیرساند، نەفەسێکی لێدا و فڕێیدا، گوتی: تەرکم کرد، لە دوا ساڵەکانی تەمەنیدا زۆر شتی تەرک کرد، تەنانەت لە خۆشەویسترینەکانی تەمەنی، شەوێکیان بە دەمانچەکەی خۆی دوایین فیشەکی تاقیکردەوە، وەک کەسێک دەمی پڕ خوێن ببێت و بپژمێت، ئاوا خوێن لەکەللەی سەری دیکتاتۆرەوە ڕووەو دیوارەکە ڕژا)) (خالید، ٢٠١٣: 57). خوێنەر لەم دەقەدا ئەو زانیارییانەی کە وەریگرتوون لە سەرەتادا کە زیاتر لە حەز و ئارەزوو و شەهوەتی کەسێک بۆ شتە ماددییەکانی دنیایە وا مەزەندە دەکات کە کارەکتەرەکە لە کۆتاییشدا بەردەوام بێت لەسەر واز هێنانی ئەو

هەست و ئارەزووانە و بێزار و وەڕەز بێت لێیانەوە، لەبەر ئەوە سەرەتا لێرەدا بریتییە لە زانیارییەکی وروژێنەر، ئەم زانیارییەش بە پەرۆشەوە وەردەگیردرێت لە لایەن خوێنەر و چاوەڕوانی زیاتر لەسەر ڕۆشتنی شتی لە چەشنی ئەم سەرەتایەیە، بەڵام لە ناکاودا نووسەر لە ڕێگەی کۆتاییەکی چاوەڕواننەکراوەوە خەرمانی چاوەڕوانییەکانی خوێنەر دەسوتێنێت.

## 2-دەستپێک و کۆتایی ئاسایی:

نووسەر بە ڕووداوێکی ئاسایی یان وەسفی کەسایەتییەک دەست پێدەکات، یان کارەکتەرێک بە گێڕانەوە و هێنانەوە یادی یادەوەرییەکانی دەست پێدەکات، بەڵام ئەم ڕووداوە وەکو ڕووداوێکی وروژێنەر و سەرنج ڕاکێش لە چەشنی جۆری یەکەم نییە و کۆتایی چیرۆکەکەی کراوەیە و قابیلی لێکدانەوەیە (س.پ: 189). لە کورتیلە چیرۆکی (کەسێک دەگریێ)دا نووسەر لە ڕێگەی وەسفەوە دەست پێدەکات کاتێک دەڵێت: ((بەردەوام غەمگین خۆم نیشان دەدەم، نە قژم، نە جلکەکانم ڕێک دەخەم- خووم بەوەوە گرتووە، بگرییم یان هیچ نەبێت چاو ئەتروکێنم تا فرمێسکم لە چاو دێن. واهەست دەکەم ئەو کچەی لە تیڤی گوتی: عاشقی گرانی کوڕم، هەمیشە دەمبینێت)) ( خالید، ٢٠١٣: 63)، کارەکتەر لە ڕێگەی وەسفکردن و گێڕانەوەی بارودۆخی دەرەکی و ناوەکی خۆیەوە دەست بە چیرۆکەکە دەکات و هیچ جۆرە وروژاندن و سەرنج ڕاکیشییەکی ئەوتۆ نابەخشێت بە سەرەتای چیرۆکەکە، تەنیا ئەوە نەبێت هەندێ زانیاری خودییە و لە شێوەی گێڕانەوەدا دەردەکەوێت، لە کۆتاییشدا لە ڕێگەی هەستی خۆیەوە مەزندەی ئەوە دەکات کە ئەو کچەی لە تیلیڤزیۆنەکەدا وتوویەتی من عاشقی گرانی

کوڕم هەمیشە سەیری فرمێسکەکانی دەکات، چاوی لەسەر هەڵناگرێت، ئەم جۆرە کۆتاییەش دەشێ لێکدانەوە و تەفسیری جیاوازی لای خوێنەر بۆ بکرێت، لە کورتیلە چیرۆکی (ژنێکی ڕەش پێستی ناو باڕی سی سی وارشۆ)دا دیسان نووسەر هەمان دەستپێک و کۆتایی بە کارهێناوە: ((من سیو شەش ساڵمە، تۆ لە دایک نەبوویت، کە من یازدە ساڵ بووم، بەڕێز بۆ پێ بەم کارەی من دەگوترێت لەش فرۆشی، لاوەکە جلەکانی لەبەر کردنەوە و جگەرەیەکی داگیرساند ، ئەو کات بیری لە خوشکە ونبوەکەی دەکردەوە، یازدە ساڵ لەو گەورەتر بوو)) (خالید، ٢٠١٣: 75)، کەشی سەرەتا و دەستپێکی چیرۆکەکەی ئاخنیوە بە گێڕانەوەی بەسەرهات و پیشەی کەسێک کە سۆزانییە و باسی تەمەن و کاری خۆی دەکات بۆ کڕیارێک، بەڵام ئەو کڕیارە لەگەڵ گوێبیستنی ئەو شتانە خەم دایدەگرێ و بیر لە خوشکە ونبووەکەی دەکاتەوە کە یازدە ساڵ لەو گەورەتر بووە و دیارنەماوە، ئەم جۆرە کۆتاییەش جۆرێک لە گومان و لێکدانەوەی جیاواز دێنێتەکایەوە، ئەمەش ڕەنگە خوێنەر وا لێکی بداتەوە کە لەوانەیە ئەو سۆزانییە خوشکی ئەو کڕیارە لاوە بێت، یان بە پێچەوانەوە کەسی نەبێت یان ڕەنگە بیری بۆ ئەوە بچێت خوشکەکەشی هەمان کاری ئەو لەشفرۆشە بکات.

**3-دەستپێک و کۆتایی دیالۆگی:**

ئەمەش تەکنیکێکە لە تەکنیکەکانی خسنەڕووی دەستپێک و کۆتایی کە نووسەر لە ڕێگەی گفتۆگۆوە دەست بە چیرۆکەکە دەکات و هەر لە ڕێگەی گفتوگۆیەکەشەوە کۆتایی پێدێنێت، زۆربەی کات لەم جۆرە کورتیلە چیرۆکانەدا دوو کارەکتەر دەبینرێن، لە چیرۆکی (لە چاوەڕوانی بەرەو گۆڕستان بردن)دا نووسەر سوود لەم جۆرە

دەستپێک و کۆتاییە وەردەگرێت: ((... لەسەر بالکۆنەکە کەوتمە خوارەوە و مردم، یان هێزێکی نەبینراو پالێکی پێوە نام، نازانم! کاتێک کەوتمە خوارەوە وەک تۆپێک زیکزاک بەرزبوومەوە و هەمان خۆمم لەسەر زەوی بینی. .... ئەی تۆ خانم، تۆ چۆن مردیت؟ – منیش لە پێناو کەسێکدا،کە مەعشوقی پێشووم لە باڵکۆنێکەوە هەڵیدایە خوارەوە. لە باڵکۆنێکەوە خۆم هەڵدایەوە خوارەوە. ئاخر ئەو کەسە هاوسەرم بوو)) (خالید، ۲۰۱۳: 69). وەکو دەردەکەوێت دەستپێک لە رێگەی قسەکردنی کارەکتەری یەکەمەوە دەست پێدەکات و بەسەرهاتی کەوتنە خوارەوەی خۆی بۆ کەسی دووەم دەگێڕێتەوە و پاشان کەسی دووەمیش بەسەرهاتی کەوتنە خوارەوە و مردنی خۆی بۆ کەسی یەکەم دەگێڕێتەوە بەمەش چیرۆکەکە کۆتایی پێدێت، کە زیاتر لەسەر شێوازی گفتوگۆکاری پرسیار و وەڵامدایە. هەندێ جار ئەو گفتوگۆیە لەسەر زمانی تاکە کەسێکەوە ئەنجام دەدرێت کە لەبەرامبەریدا کارەکتەرێکی بێدەنگ بوونی هەیە، وەکو لە چیرۆکی (چیدەڵێیت دەربارەی ئاسمان ؟)دا دەردەکەوێت: ((تماشای ئاسمانی کرد و وتی: بابە دەمەوێت دەستی لێ بدەم. ئەی تۆ نەتگوت کە دایکم ئەوەتا لە ئاسمان خەوتووە. بابە بێدەنگ بوو... منداڵەکە لەسەر بان دانیشتبوو تەماشای ئاسمانی دەکرد و لەژێر لێویەوە دەیگوت: ئاخری باوکیشم چوو بۆ ئاسمان، قەینا بەس نییە نەچۆتە ژێر زەوی و بە ئاسانی دەیانبینم )) (خالید، ۲۰۱۳: 74).

**چ- تەنز ، ئایرۆنی و گاڵتەجاڕی:**

ئەمەش لایەنێکی گرینگە لە کورتیلە چیرۆکدا کە نووسەر پشتی پێدەبەستێت لە پێناو زیادکردنی هەست و وروژاندنی خوێنەر یا بەلاڕێدابردنی خوێنەر، بە جۆرێک کە کارەکتەر بە شێوەیەکی نائاگا

تووشی بەسەر هاتێک دێت کە خۆی بۆ ئامادە نەکردووە. هەندێ جار ئەم تەنزە بە پێکەنینێکی تاڵ دەردەکەوێت کە بەسەر کەسایەتییەکاندا دێن کە هەم جۆرێک لە تاڵی و جوڵاندنی ویژدانە و هەمیش جۆرە خەندەیەکی لەگەڵدایە، تەنز لە کورتیلە چیرۆکدا چەند جۆرێکی هەیە، لە وانە:

## 1-تەنزی درامی:

ئەو جۆرە تەنزەیە کە زیاتر لە ڕێگەی نواندن و کاروکردەوەی کەسایەتییەکەدایە و تا کۆتایی چیرۆکەکەش دەرناکەوێت، نمونەی ئەم جۆرە تەنزە لە کورتیلە چیرۆکی (کابرایەکی سور و سپی)دا دەردەکەوێت: ((پێکەکەی دانا و دەستی بە جوێندان کرد، ساقییەکە بە پاڵ کردیە دەرەوە، کابرای مەست خۆش حاڵ بوو لەوەی ئابڕووی خۆی کڕیەوە و کەس نەیزانی، کە پارەی پێ نییە )) (خالید، ٢٠١٣: 48)، لەم دەقەدا کارەکتەر نواندنێکی گاڵتەجاری دەکات و جوێن بە ساقی دەدات، پاشان لەو مەیخانەیە دەکرێتە دەرەوە، بەڵام ئەم دەرکردنە خواستی ناوەکی خۆی بووە، چونکە مەیخۆرەکە پارەی پێنەبووە و بەمەش دەرکردن بۆی باشتر بووە لە ئاشکرابوونی ئەوەی کە پارەی پێ نییە، خوێنەر لەگەڵ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەم دەقەدا کە دەگاتە کۆتایی جۆرە بزە و خەندەیەکی دێتە سەر لێو، چونکە لەسەر شێوازی نوکتەیەکی خۆش دیمەنەکانی ئەو چیرۆکە دەبینێت.

## 2-تەنزی تێبینیکراو:

لەم جۆرەدا شەرەنگێزەکان قوربانی خراپەکارییەکانیانن و تاوانبار لەگەڵ خۆیدا یاری دەکات و بە وردی دەکەوێتە ئەو چاڵەی

که خۆی هەڵی کەندووە (لؤلؤة ، 1988، :29). لە چیرۆکی (دڵی دایک)دا نووسەر لە ڕێگەی هێنانە پێشەوەی دایکێک کە بەسەر گۆڕی دوو کوڕی کوژراویەوە لە گۆڕستاندا دانیشتووە و دەگری (خالید، ٢٠١٣:، 29)، دیمەنێکی خەمناک دروست دەکات، بەڵام کاتێک کە کۆتایی بە چیرۆکەکە دەهێنێت لەسەر زمانی ئەو دایکە ئەوا خوێنەر هەست بە جۆرە تەنزێک دەکات لەوەی کە دایکێک بەسەر گۆڕی دوو کوڕیەوە کە لەسەر دزی کوژراون دەگریێ، لە هەمان کاتدا جۆرێک لە بەزەیی و جوڵانی هەستەکانیشی تیادایە بەوەی کە دایک هەرگیز ناتوانێت واز لە خۆشەویستی ڕۆلەکانی بهێنێت. دیمەنی پێکەنیناوی چیرۆکەکە لە هەڵخەڵەتاندنی خوێنەریشەوە بەرچاو دەکەوێت، لەو کاتەی کە خوێنەر لەسەرەتادا ئەو دایکە جلوبەرگی پیناویەوە بە دەبینێت بەسەر گۆڕی کوڕەکانیەوە دانیشتووە و دەگریێ، دڵی دەسوتێ بەڵام کاتێ کۆتاییەکە دەبینی هەست دەکات کە لە سەرەتادا فریوی خواردووە.

### 3–تەنزی ساویلکەیی:

جۆرە تەنزێکە لە کورتیلە چیرۆکدا بە فراوانی پشتی پێ دەبەسترێت، ئەمەش بریتیە لە کاردانەوەی کارەکتەر بەرامبەر ڕووداوێک کە لە بنچینەدا ڕاست نییە، یاخود بە هۆی یارییەکی دەروونییەوە تووشی هاتووە، بەمەش جۆرە ئایرۆنییەک بەرپا دەبێت لە ئەنجامی ئەو کاردانەوەیە کە خوێنەر بەرەو دڵخۆشی و خەندە دەبات، لەگەڵ ئەم خەندە و پێکەنینەش زۆر جار دیمەنە قووڵەکە خەمباراوییە، چونکە ئەو کەسە شایستەی ئەوە نەبووە کە تووشی هاتووە. چیرۆکی (مردنی ژمارە45)ی تێکۆشەر خالید پەنای بردۆتە بەر ئەو جۆرە تەنزە: ((کچەکە پێنج دەنک حەبی خوارد،

خۆشەویستەکەی، کە ئەم هەواڵەی بیست، خۆی کوشت. (ببورن ،کچەکە بەدرۆوە، بە خۆشەویستەکەی گوتبوو: پێنج دنک حەبی خواردووە) )) ( خالید، ٢٠١٣: 89)، وەکو دەردەکەوێت نووسەر لە دەستپێکی چیرۆک دا رووداوێکی دڵ هەژێن و کاریگەر باس دەکات، کاردانەوەی ئەو ڕووداوەش مردنی کەسێکی لێدەکەوێتەوە لە پێناوی خۆشەویستی کچێک دا، بەڵام بەشی دووەمی ڕووداوەکە کە تەنزەکە دەخولقێنێت بریتییە لە ئاشکرابوونی ڕاستی ڕووداوەکە، کە کچەکە بەدرۆ ئەو هەواڵەی بە خۆشەویستەکەی گەیاندووە و خۆشەویستەکەشی لە تاوی ئەمە خۆکوژی کردووە، ئەم جۆرە تەنزە لە ئەنجامی ساویلکەیی و دڵ پاکی و ڕاستگۆیی کارەکتەرێکەوە، کە قووڵ نەبۆتەوە بۆ ئەو کێشەی کە هاتۆتە ئاراوە و شایەنی ئەو ڕووداوە نییە کە بەسەری هاتووە، ئەم جۆرە شێوازە تەنزە بە هەمان شێوە لە کورتیلە چیرۆکی (کچێک شەش کاتژمێر پێش ئێستا دەستی کرد بە گریان)دا خراوەتەڕوو: ((هەژدە رۆژ بوو، پەیوەندی خۆشەویستییان بەستبوو کوڕە لاوەکە، چووە بەردەمی خۆشەویستەکەی و گوتی: ببوورە دەتوانیت یەکتری بناسین؟ هەست دەکەم تۆم ساڵانێک پێش ئێستا بەرچاو کەوتووە (کوڕە لاوەکە، تووشی نەخۆشی لە بیر چوونەوە ببوو) )) (خالید، ٢٠١٣: 92)، نووسەر لە رێگەی سوود وەرگرتن لە بارودۆخی دەروونی و فیزیکی کارەکتەرەوە هەوڵی خولقاندنی جۆرە خەندە و گاڵتەجاڕییەک داوە کە خوێنەر لە ئەنجامی خوێندنەوەی دەقدا جۆرێک لە پێکەنینی لا دروست دەبێت کە لە سەرەتای چیرۆکەوە کارەکتەر بە کەسێکی گەمژە و هیچ نەزان تێدەگەن، بەڵام لەگەڵ تەواو بوونی ئەو پێشەکییەی کە نووسەر نیشانی داوە، پاشەکی

ڕووداوەکە ناخ هەژێنە و هەست بەوە دەکەین کە کارەکتەر بە هۆی تێکچوون و لەدەست دانی یادەوەرییەوە تووشی ئەم جۆرە هەڵوێستە شەرمەزارکەرە بووە.

**ح- بابەتی سەرنج ڕاکیش:**

مەبەست لەو خاڵە ئەوەیە کە نووسەر لە کورتیلە چیرۆکدا پێویستە حساب بۆ چیرۆکەکەی بکات کە قەوارەی کورتە، بەڵام بابەت و تیمەیەک هەڵبژێرێت کە زۆر زیاتر لە واتای ڕووکەشی وشەکاندا واتا بگەینێت، ئەمەش لەبەر ئەوەی چیرۆک لە کورتیلە چیرۆکدا وەکو ماددەیەکی تەقینەوەیە، لەگەڵ بوونی ئەو کەرەستە کەمە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە پانتاییەکی بچووک و سەرداخراودا دانراوە، تەقینەوەیەکی گەورە بەرپا دەکات (جزینی،1394: 40). لەبەر ئەوە نووسەر نابێت هەموو شتێک بخاتەڕوو، بەو واتایەی کە لە کورتیلە چیرۆکدا نەوتراو زاڵ دەبێت بەسەر وتراودا. لەم بارەیەوە (ئیمیلی هیمپل) ی نووسەری مینیمالیستی دەڵێت: ((زۆربەی ئەو بابەتانەی کە لە کارەکانی ئێوەدا نەخراونەتەڕوو،گرینگترن لەو شتانەی کە خستۆتانە سەر کاغەز )) (صابر پور،1388: 141). تێکۆشەر خالید هەوڵیداوە سود لەم تایبەتمەندییانە وەربگرێت و بەدوای ئایدیای بچووک و گرنگ لە ناو ئایدیا گەورەکاندا دەگەڕێت و هەڵیاندەبژێرێت، جگە لەمەش بۆ دەوڵەمەندکردنی بابەتی چیرۆکەکەی سود لە بابەتی ئاوڕلێنەدراوە و پەراوێزخراو وەردەگرێت. لە کورتیلە چیرۆکی (کەناری)دا: ((کەناریەکە دڵخۆش بوو بەوەی کە بەو زستانە هێلانەیەکی گەرم شک دەبات، بۆ بەخێو کردنی بێچووەکانی. ئەو هەمیشە لەبیری دەکرد کە لە قەفەس دایە)) (خالید، ٢٠١٣: 43). نووسەر لە ڕێگەی هەڵبژاردنی بابەتێکی سادەوە

که بوونی هێلانه و تێربوونی سکی باڵندەیەکە، دەیەوێت تەفسیرێکی جیاواز بۆ ژیان و دیل بوونی مرۆڤی سەردەم بکات کە هەمیشە بەدوای پەیداکردنی بژێوی و کۆکردنەوەی سامان و دروست کردنی خانو بەرەیە، بەڵام دیلیەتی و کۆت و بەندی خۆی لەبیر کردووە. هەروەها لە کورتیلە چیرۆکی (بڕیار) (ل77)دا، نووسەر توانیویەتی لە ڕێگەی ڕستەیەکەوە، بابەتێکی گرینگی فەرامۆشکراو بەسەربکاتەوە کە زۆربەی کۆمەڵگاکانی ئەم سەردەمە بەدەستییەوە دەناڵێنن، ئەویش بریتیە لە هەژاری و کارکردنی بەردەوام لە پێناو بەدەست خستنی پاروە نانێک کە هەزار گیروگرفت و تەنگ و چەڵەمەی پێوەیە بۆیان، بەرامبەر بەمەش هەندێ چینی کۆمەل نە دەستکێش لە دەست دەکەن، نە دەچنە سەر کار و لەهەمان کاتدا لە چ ناز و خۆشبەختیەکیشدا دەژین!؟. هەروەها لە کورتیلە چیرۆکی (دەرکە ئاسنینەکە) و لە (ل41)دا، نووسەر بابەتێکی بەهێز و سەرنج ڕاکێشی هەڵبژاردووە کە بریتییە لە بێ ئاگایی تاک و نامۆ بوونیەتی لە نێو کۆمەلگادا، نووسەر مەبەستیەتی ئەو بیرۆکەیە نیشان بدات کە لە ڕێگەی قەرەباڵغ بوون و بە ماشێن بوونی مرۆڤەوە، تاک وای لێهاتووە تەنانەت لە ناو ماڵەکەی خۆشیدا هەست بە تەنیایی و نامۆی بکات و هەستی بەزەی و یارمەتی دان لە نێوان مرۆڤەکاندا نەمێنێت و تەنانەت ڕەنگە مرۆڤێک لە تەنیایدا بمرێت و کەسیش هەستی پێنەکا.

**خ- بوێری :**

بوێری لە دەقدا بریتییە لە شکاندنی فۆرم و باسکردنی ئەوانەی کە باونین، یان بەزاندنی سنوورەکانی تابوو، و شکاندنی سانسۆرە کۆمەڵایەتی و ئایینی و سیاسیەکان. بوێری و ئامادەگی لە دەقدا

گرینگییەکی تایبەت دەبەخشێ کە کورتیلە چیرۆکنووسان لە پێناو بەخشینی کاریگەری زیاتر و هاندانی خوێنەر پەنای بۆ دەبەن. لە کورتیلە چیرۆکەکانی تێکۆشەر خالیدا ئەم لایەنە ئاوڕلێدراوەتەوە و نووسەر توانیویەتی کەشێکی نوێ دروست بکات لە باس کردنی ئەو بابەت و شتانەی کە قسەکردن لەبارەیانەوە ئەستەم و رێگە پێنەدراوە، هەروەها خستنە ڕووی هەندێ نێوەرۆکی دیکە کە پێشتر لە چیرۆکی کوردی دا ئەوەندە لایان لێنەکراوەتەوە. لە کورتیلە چیرۆکی (پێغەمبەرێکی دی)دا دەڵێت: ((پیرەکە منداڵەکەی بردە چۆڵەوانی و چەقوەکەی لەسەر ملی دانا. نە گریانی منداڵەکە و نە نزای باوکەکە نەبوونە هۆی ئەوەی خودا بەرانێک بۆ خێزانە هەژارەکە بنێرێت)) ( خالید، ٢٠١٣: 42)، لەم دەقەدا نووسەر دەروازەیەکی گرینگی کردۆتەوە بەرامبەر بەزەیی خوداوەند و پێچەوانەی تەواوی دەقە ئایینیەکانی کۆمەڵگا لە مەسەلەی بەزەیی و پێدانی رزق و رۆزی لەلایەن خوداوەندەوە بۆ مرۆڤ قسەی کردووە، چاو نەترسانە ئەوەی ویستویەتی و لە مێشکی دا هەبووە بە وەرگری دەقی گەیاندووە و لە چوارچێوە و سنورەکانی تابووە ئایینەیەکان نەگەڕاوەتەوە، ئەم شکاندن و سنور بەزاندنە ئایینیە لە کورتیلە چیرۆکی (لە ڕاستی دا هەڵەیەک ڕووی داوە) (ل47)یشدا ئاوڕی لێدراوەتەوە. کاتێک نووسەر لە رێگەی کارەکتەرەکەیەوە کە لەگەڵ فریشتەی سزا و پاداشت نووسین دا دەکەوێتە گفتوگۆ، باوەڕی پێدەهێنێت کە لە نووسەینەوەی چاکە و خراپەدا هەڵەی کردووە و هەندێکی لێ نەنوسیووەتەوە. جگە لەمانە نووسەر لە باس کردنی بابەتەکانی کوشتن و خوێن رشتن و بەکارهێنانی ئامێرە بکوژەکانی وەکو چەقو و مقەس و تفەنگ دا بوێرییەکی بێ وێنەی

هەبووە، وەکو لە چیرۆکەکانی (یاری منالآن) (ل44)دا کە باسی کوشتن و خوێن ڕژانی باوک دەکات و لە چیرۆکی ( لەیبووک) (ل49)دا باس لە مردن و ڕەقبوونەوەی کەسێک دەکات و لە (بکوژ پیاوێکی لاوازی بەد مەبەست) (ل50)دا باس لە کوژرانی سەرخۆشێک دەکات و لە (ڕووداوی کاتژمێر 12ی شەو) (ل52)دا دیمەنی کوشتنی کەسێکی لاو دەخاتەڕوو، لە کورتیلە چیرۆکەکانی (ساتی مردنی گوڵ لەماڵی پیاوێکی نائومێددا) (ل55) و (ژنێکی ڕەش پێست لە ناو بازاری سی سی وارشۆ) (ل75)دا باس لە خیانەتی هاوسەرگیری دەکات و لە کورتیلە چیرۆکەکانی (مەیتبەر)دا باس لە تەرم و کوشت و کوشتار دەکات و لە کورتیلە چیرۆکی (دۆزینەوەی دورگویوکی تر)دا (ل72) نووسەر باس لە کار و کردەوەی کەسانی سیاسی و کاربەدەستانی وڵات دەکات کە چۆن دەستیان گرتووە بە گشت موڵک و سامانی وڵاتدا و هەروەها لە کورتیلە چیرۆکی (پچڕانی تەزووی کارەبا) (ل83)دا نووسەر بارودۆخی خراپی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی هاوڵاتیان نیشان دەدات.

**د- دەقئاوێزان :**

سەبارەت بە دەقئاوێزان (ژولیا کریستیڤا) وتوویەتی: ((هەموو دەقێک وەکو تابلۆیەکە لە وەرگرتنەکاندا، گشت دەقێ: بریتیە لە هەڵمژین و گوێزانەوە بۆ دەقی دیکە)) (بوجمعە ، 2015: 27). دەقئاوێزان سیمایەکی گرنگە لای مینیمالیستەکان، ئەمەش لەبەر ئەوەی پێداویستییەکی گرینگی چڕکردنەوەی دەقە و بەشداری دەکات لە پوخت کردن و شتێکی زۆر بە پیتە و بۆ ئەوەی دەستی بە دەوروبەری دەق بگات، ئاماژەی پێدەدات (حسین ، 2010: 60-61).

له ڕێگەی دەقئاوێزانەوە هۆشیاری خوێنەر زیاتر دەبێت و هاندەدرێت بۆ خوێندنەوەی دەقی دیکە، هەروەها جۆرێک له پەیوەندی له نێوان کۆن و نوێ یان لەگەڵ دەوروبەر و ناوەوە پەیدادەبێت. چیرۆکنووس، دەقئاویزان له دوو گۆشەوە بەکار دێنێت:

1-دەقئاوێزانی ناونیشان

2-دەقئاوێزانی ناوەرۆک (مەتن) (الیاس، 2010: 167).

له کورتیله چیرۆکەکانی نووسەردا هەردوو شێوەی دەقئاوێزان گرینگی تایبەتیان پێدراوە و له پێناو دەوڵەمەند کردنی دەق و دەروازەی زیاتری خوێندنەوە و تێگەیشتن بە ڕووی خوێنەری دەقەکەکاندا، سودیان لێوەرگیراوە. له کورتیله چیرۆکی (پێغەمبەرێکی دی) (ل42)دا نووسەر چیرۆکی قوربانی کردنی ئیسماعیلی له لایەن باوکییەوە وەرگرتووە و بە هۆی دوو کارەکتەری نوێوە کە باوک و کورێکی هەژار و برسین له دەقەکەدا تواندوویەتییەوە و گیانێکی نوێی بە بەرداکرووە، واتە نووسەر له ڕێگەی سود وەرگرتن له (سەرچاوە ئاینیەکانەوە) توانیویەتی دەقەکەی خۆی بەشێوەیکی تازە و کاریگەر بونیات بنێت. هەروەها له کورتیله چیرۆکی (مەیتبەر) (ل67)دا کە دەقەکە بەم شێوەیەیە: ((بکوژەکە بە دوای کەسێکدا دەگەڕا، کە بۆی دەگەڕا ئەو کەسە هەمان ئەو کەسە بوو کە پێش یەک هەفتە شەوێکی تاریکی زستان پێکەوە پیاسەیان دەکرد، تەرمی پیاوێکی ڕەشتاڵەیان دۆزییەوە کە لەناو قەدا کردرابوو بە دوو کەرتەوە، مەیتبەریش بە هۆی یەک دڵۆپە خوێنی مەییوەوە کە بەسەعاتەکەیەوە قەدماخەی دابوو، گیرا. ئەو ساڵانێکی زۆر له باخی پیرۆز دەژیا هەر لەوێش پارچەپارچەیان کرد چونکە دەست درێژی کردبووە سەر گولێکی سور. "لێدوانی پیاوێکی وڕێنەکەر ، دوای

خوێندنەوەی چیرۆکی مەیتبەر ، باخی پیرۆز یەک دڵۆپ خوێنی مەییوی" تێکۆشەر خالید)). نووسەر لەم دەقەدا بە شێوەی پارچەپارچەکردنی سێ دەقی پێشوتری خۆی (مەیتبەر) و (باخی پیرۆز) و (یەک دڵۆپ خوێنی مەییو)، دەقەکەی پێک هێناوە بەشێوەیەک کە لە کۆتاییدا ئاماژە بە هەرسێ چیرۆکەکە دەکات، ئەمەش تواندنەوەی سێ دەقە لە دەقەکەدا، یا لە ڕێگەی سێ دەقەوە بونیاتی دەقێکی نوێ پێک دێت کە واتاکەی ڕوون نابێتەوە، تەنیا بەوە نەبێت کە خوێنەر بگەڕێتەوە بۆ سێ دەقەکەی پێشەوە و بیانخوێنێتەوە. لە کورتیلە چیرۆکی (ئەو پیاوەی کوندە پەپوویەکی کوێر لەسەر شانەکانی نە دەژیا)دا دەڵێت: ((بوتڵە شەرابەکەی لە چکێنەرە کۆنەکە دەرهێنا، تا دوا دڵۆپی نابینیەوە. پەنجە باریک و درێژ و لەرزۆکەکانی لە ژوورەکانی رادەوەشاندن و نەیدەزانی دەستی بەر چ شتێک دەکەوێت، غازەکەی بەجێی بەلوعەی مەخسەلەکە کردەوە و بێ هۆش کەوت. مەبەست لە چیرۆک نووسی فارسی زمان، سادق هیدایەت نییە)) (خالید، ٢٠١٣: 86)، لەم دەقەدا نووسەر لە دوو ڕووەوە دەقئاوێزانەکەی ئەنجام داوە، یەکەمیان لە ناونیشانی (کوندە پەپووی کوێر)ەوە بە بەرهەمێکی ناوداری چیرۆکنووسی ئێرانی (صادق هیدایەت) کە لە فارسیەکەدا (بوف کور)ە، دووەمیشیان لە ناوەڕۆکی دەقەکەدا نووسەر کەسایەتی بەسەر هاتی ئەو چیرۆکەی خواستووە و لە ناو دەقەکەیدا تواندوویەتیەوە، لە کۆتایشدا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژە بەوە دەکات کە ئەمە هی صادقی هیدایەت نییە، بۆ ئەوەی خوێنەری دەق بگەڕێتەوە بۆ سەر دەقی ئەسڵی چیرۆکەکەی هیدایەت، بەمەش سەرکەوتوو بووە لە ئەنجام دانی ئەوەی مەبەستی بووە بە

خوێنەری کورتیلە چیرۆکەکەی بگەیەنێت و کەش و هەوایەکی زیندووی بەدەقەکە بەخشیوە.

**ڕ- ناونیشان:**

بە باوەڕی (جاک فۆنتانی) ناونیشان لەگەڵ ڕەگەزەکانی دیکەدا بریتین لەچەند بەشێکی دەگمەن لە دەقدا کە لە چوار چێوەی ڕووپۆشێک دەردەکەوێت. (جیرار جینێت)یش لە بارەی ناونیشانەوە دەڵێت: ناونیشان زۆربەی کات کۆمەڵە رەگەزێکی نیمچە پێک بەستراو و وابەستەیە بە ئالۆز کردنەوە و پەیوەست نییە بە ڕێکخستنی درێژییەوە (علی،2013: 513). ناونیشان لە کورتیلە چیرۆکدا چەند ڕۆڵێکی گرینگ دەگێرێت کە هەندێ جار دەور دەبینێت لە تەواو کردنی مانای دەقدا یاخود وابەستەیە بە دەقئاوێزانەوە، و یاخود هێنانە کایەوەی تەنز و پارادۆکس لە دەقدا. لەکورتیلە چیرۆکەکانی بەردەستماندا ناونیشان ڕۆڵێکی کاریگەر و بەرچاوی بینیوە لە بونیاتنانی دەقەکاندا بە جۆرێک وەکو ڕەگەزێکی سەرەکی و گرینگ لە لایەن نووسەرەوە گرینگی پێدراوە، کە دەتوانرێت چەند جۆرێکی لێ دەست نیشان بکرێت:

**1-ناونیشانی خوازەیی:**

جۆرێکە لە ناونیشان کە وشەکانی دوو واتا دەگەیەنن و نووسەر مەبەستی دوورەکەیانە، وەکو لە کورتیلە چیرۆکی (یاری منداڵان) (ل44)دا نووسەر لە ژێر ئەو ناونیشانەدا دوو ڕووداو باس

دەکات، یەکێکیان یاری منداڵانە بەچەک و ئەویتریش کوژران و خوێن ڕژانی باوکی یەکێک لە منداڵەکانە بە شێوەیەکی ڕاستەقینە، کە نووسەر ئامانجی لەو ناونیشانە گەیاندنی بێ بەهایی کوشتن و خوێن ڕژانە لە کۆمەڵگای ئێمەدا کە بەهاکەی یەکسانە بە یاری منداڵان. هەروەها لە کورتیلە چیرۆکی (سروشت) (ل54)دا نووسەر ناونیشانی لە پێناو دوو مەبەست بەکارهێناوە، یەکەمیان باس کردنی سروشتی گەشاوە و جوانی جەنگەڵێکە کە پڕییەتی لە دار و دەوەن و باڵندەی جوان، دووەمیشیان سروشتی کەسانێکی کوێر و نابینا کە مەبەستیان تێکدان و لە ناوبردنی ئەو سروشتەیە کە نووسەر زیاتر مەبەستی باس کردنی خوو و ڕەوشت و سروشتی ئەو جۆرە کەسانەیە نەوەک سروشتە دڵفرێنەکە. بەهەمان شێوە لە (مەرگی کۆتر) (ل66)دا نووسەر باس لە دووجۆرە مەرگ دەکات، یەکێکیان خەوی کەسێکە کە لە خەوەکەیدا پشیلەیەک خەریکی خواردنی کۆترەکەیەتی و توانای رزگارکردنی نییە، بەڵام کاتێ بە خەبەر دێتەوە هەر بەخەیاڵ ئەو خەوە دەچێتە سەربان پشیلەکە راو دەنێت و کۆترەکە رزگار دەکات و لە باوەشی دەکات و دەکەوێتە خوارەوە و گوێی لە دەنگی کەسێک دەبێت کە دەڵێت کەس نازانێت بۆچی خۆی فرێداوەتە خوارەوە و دواتریش بەرە بەرە هەست دەکات کە لەشی سارد دادێت و دەمرێت. نووسەر لە ناونیشان دا وەکو خوازەیەک مەبەستی لە مردنی کەسێکی بێ تاوانی کۆترئاسایە کە واتای شاراوەی دەستەواژەی (مەرگی کۆتر)ە.

## 2-ناونیشانی تەواوکەریی:

جۆرێکە لە ناونیشان کە نووسەر لە پێناو ڕوونکردنەوەی زیاتری واتای دەق بەکاری دەبات، بە تایبەت لە بارەی چەندییەتی و

چۆنیەتی ڕووداوەوە، وەکو لە دەقی (ئەو کوڕەی خۆشەویستەکەی خۆی بە بلۆک کوشت) (ل80)دا سوودی لێوەرگیراوە: ((کوڕە قژ درێژ و ریشپڕەکە دایک و باوکی و بێ ئاکام بوونی لە عەشقەکەی کردییە بکوژ، ئەم ڕووداوە دوای نیوەڕۆی رۆژێکی هاوین لە ساڵی 1991 لە کوردستان ڕوویداوە)). وەکو دەبینین نووسەر لە پێناوی ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی کوشتنی خۆشەویستەکەی لە لایەن بکوژەوە، ناونیشانێکی داناوە کە ڕوونکەرەوەی ڕووداوەکەیە و ئەویش بە بلۆک کوشتنە، هەروەها لە کورتیلە چیرۆکی (ڕووداوی کاتژمێر 12ی شەو) (ل52)دا نووسەر لە پێناو ڕوونکردنەوەی زیاتری ساتی ڕووداودا ناونیشانەکەی داناوە.

### 3-بەکارهێنانی جووتە ناونیشان:

ئەم جۆرە ناونیشانە بریتیە لەوەی نووسەر دوو ناونیشان بۆ دەقەکەی بەکار دەهێنێت، ناونیشانێکیان لە گۆشەی سەرەوەی لاپەڕەکە و ناونیشانی دووەمیش لە ناوەڕاستی بەشی سەرەوەی لاپەڕەکەدا، هەردوو ناونیشانەکەش پەیوەندییان بە ڕووداوەکانی ناو کورتیلە چیرۆکەکەوە هەیە، وەکو لە چیرۆکی (بەفر، پچڕانی تەزووی کارەبا)دا ئەو جۆرە ناونیشانە دەبینرێت:

((بەفر

پچڕانی تەزووی کارەبا

کچێکی پاکەت فرۆشی نامۆ، لە شەقامی چل و هەشت، بە هۆی سەرماوە گیانی لە دەست دا، شایەنی باسە، بەفر بارینێکی سەخت، هەفتەیەک سەرانسەری وڵاتی گرتووەوە و چارەنووسی هەزاران مناڵی کارکەر نادیار ماوەتەوە.

"چک" )) (خالید، ٢٠١٣: 83).

لەم دەقەدا (بەفر) ناونیشانی سەرەکی کورتیلە چیرۆکەکەیە و ڕووداوەکەش بە تەواوەتی لە دەوری ئەوەدا دەخولێتەوە ،بەڵام نووسەر چۆنیەتی گەیشتنی ئەو ڕووداوەی لە ڕێگەی تەلەڤزیۆنەوە خستۆتەڕوو، کە لە کۆتاییدا دەردەکەوێت پێویستی بەوە هەیە کە پەنا ببات بۆ ناونیشانی دووەم کە پچڕانی تەزووی کارەبایە، چونکە واتای دەقەکە بێ ئەو ناونیشانە تەواو نابێت و دەرناکەوێت، تەنیا بەهۆی بەکارهێنانی وشەی (چک)ی کۆتایی چیرۆکەکەی. ئەم چەشنە ناونیشانە لە کورتیلە چیرۆکی (شار، بڕیار) یشدا پەنای بۆ براوە:

((شار

بڕیار

دوو لاوە هەژارەکە دەستکێشە ڕەشەکانیان کردە دەستیان.)) (خالید، ٢٠١٣: 77)

بەڵام ئەمجارەیان جووتە ناونیشانیی لە پێناوی ڕوونکردنەوە و زانیاری زیاتر لەسەردان لەبارەی چۆنیەتی ژیان و گوزەران لەلایەک و هەروەها بڕیاردانی کاربەدەستانی شار هانای بۆ براوە، هەروەها (شار) یش لە خودی خۆیدا دامەزراندن و بونیاتی شوێنێکە بۆ کورتیلە چیرۆکەکە.

**ز- سوود وەرگرتن لە تەکنیکەکانی دیکە:**

هەندێ تەکنیک هەن کە نووسەری کورتیلە چیرۆک سوودیان لێوەردەگرێت لە بونیاتی دەقدا، گرنگترینی ئەمانەش بریتین لە:

## 1-بەئاژەڵ کردن:

تەکنیکێکی چیرۆکییە و ئامرازێکە لە ئامرازەکانی ڕەمز و بەشێوەیەک کە ئاژەڵ لەبری مرۆڤ بەکاردەهێنرێت و چەند سیفاتێکی لێ وەردەگیردرێت، ئەمەش لە پێناو بە بەرداکردنی جلێکی نوێ کە بۆ چیرۆکنووسین شتێکی گرینگە، هەروەها چەند سیفاتێکی مرۆڤ لەسەر ئەو ئاژەڵ و باڵندانە باردەکرێت، لە کورتیلە چیرۆکی (کەناری) (ل43)دا نووسەر سوودی وەرگرتووە لە باڵندەیەک کە کەنارییە و لە ڕێگەیەوە کۆمەڵێک خەمی قووڵی مرۆڤی پێ دەردەبڕدرێت، ئەویش خەمی دڵ و خەمی بژێوی و نان پەیداکردنە.

## 2-سوود وەرگرتن لە کارەکتەری نەجوڵاو:

لە کورتیلە چیرۆکدا بە دەگمەن کارەکتەری جوڵاو دەبینرێت، کارەکتەر لەم چیرۆکانەدا گۆران و گوێزانەوەی تیادا ڕوونادات، کارەکتەرەکانی ئەم جۆرە چیرۆکانە یان قسەناکەن، یان قسەگەلێک دەکەن کە پەیوەندی بە بابەتی دیمەنەکەوە نییە (صابر پور،1388: 143-144). نووسەر لە زۆربەی کورتیلە چیرۆکەکاندا سوودی لەو جۆرە کەسایەتییانە وەرگرتووە کە هیچ کار و کردەوەیەک ئەنجام نادەن و گۆڕانێکی بنچینەیی تیایاندا ڕوونادات، بە نموونە لە کورتیلە چیرۆکەکانی (بکوژ پیاوێکی لاوازی سەر مەستە) (ل50) و (فرمێسکی باوک) (ل51) و (بڕیار) (ل77) و (شار) (ل81) و (لەیبووک) (ل49) و (کابرایەکی سور وسپی) (ل48) و (بەفر) (ل46)، ئەو کەسایەتییانەی ڕووداوی چیرۆکەکە بەڕێ دەکەن، کەسانێکن هیچ جوڵاوی و ڕۆڵێکیان نییە و شتەکان بێ ویستی

ئەوان ڕوودەدەن، بێ ئەوەی تەنیا خۆ خۆهەڵقورتاندنێکیان هەبێت لەبەرەو پێش بردنی ڕووداودا.

## ئەنجام

- کورتیلە چیرۆک وەکو ژانرێکی سەربەخۆ هەژمار دەکرێت و لەژێر کاریگەری ئەدەبیاتی رۆژئاوایی هاتۆتە ناو ئەدەبی کوردییەوە و نووسەرانی کورد، لە قۆناغی بەرایی نووسینی ئەم ژانرەدان.
- لە کورتیلە چیرۆکەکانی تێکۆشەر خالیددا گرینگیەکی زۆر بە تایبەتمەندی و سیمای مینیمالیستییەکان دراوە و لەنێو دەقەکانیدا بەکاری هێناون و سوودی لێوەرگرتوون.
- نووسەر لە کۆمەڵە چیرۆکی (بەڵێ هەڵەیەک ڕوویداوە) توانیویەتی ناواخنی چیرۆک کورت بکاتەوە، ئەمەش لە رێگەی گرینگیدان بە ئامرازە چڕکردنەوەکانی وەک ئابووری کردن لە وەسف و وشە و ڕستە و ڕوون نەکردنەوەی زۆری کات و شوێن و سوود وەرگرتن لە ڕەمز و کورت کردنەوەی گێڕانەوە و سڕینەوە و خێراکردنی ڕەوتی چیرۆک لە رێگەی تێپەڕاندن و پوخت کردنەوە.
- نووسەر سوودی لە خاسیەتی پارادۆکس وەرگرتووە و لە ناو دەقەکانیدا بەکاری هێناوە بۆ بەخشینی کاریگەری زیاتر.
- دەقنووس چەند تەکنیکێکی بۆ دەستپێک و کۆتایی چیرۆکەکان بەکار بردووە وەکو دەستپێکی وروژێنەر و کۆتایی

چاوەڕواننەکراو و دەستپێک و کۆتایی ئاسایی و دەستپێک و کۆتایی دیالۆگی.

- نووسەر گرینگی داوە بە تایبەتمەندی تەنزی و چەند جۆرێکی بەکارهێناوە لەناو دەقەکانیدا.

- لە ڕووی بابەت و بیرۆکەوە نووسەر هەوڵی داوە ئەو بابەتە سەرنج ڕاکێش و وروژێنەرانە بەکاربهێنێت کە بۆ کورتیلە چیرۆک شیاون، لەمەش دا بوێرییەکی چاکی نواندووە.

- نووسەر تەکنیکەکانی دیکەی وەکو دەقئاوێزان و بەمرۆڤ کردنی ئاژەڵ و شتە بێ گیانەکان و سوود وەرگرتن لە کەسایەتی نەجوڵاوی بەکارهێناوە.

## سەرچاوەکان

### بە زمانی کوردی

- تەرەغە، محمد مینیمالیزم ژیانە (٢٠١٣)، کۆمەڵێ نووسەر، چ1، چاپخانەی بینایی، سلێمانی

- حەسەن، محمد فەریق (٢٠١٢)، ئەزموونی چیرۆک نووسین، چ1،چاپخانەی دەریا، سلێمانی

- خالید، تێکۆشەر (٢٠١٣)، بەڵێ هەڵەیەک ڕوویداوە، چ1،چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

- زراری، سەنگەر (٢٠١٣)، چیرۆک و نامەی راڤەکردن، کۆمەڵێک نووسەر، چ1،چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر.

- ڕەشید، سابیر (٢٠٠٥)، ئاوێنە، چ1، چاپخانەی گەنج، سلیمانی.

- سعید، ئازاد محمد (٢٠١٣)، کورتیله چیرۆکی کوردی له باشوری کوردستاندا 1970-1979،چ1، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

**به زمانی فارسی**

- امین السلام، فرید (١٣٨٠)، نگرشی بر داستانهای مینی مالیسم، نشر همداد، تهران.
- بارت، جان (١٣٧٥)، چەند کلمه ای درباره مینی مالیسم، ت: مریم نبوی نژاد، فصلنامه زنده رود، شمارەهای 14 و 16، اصفهان.
- جزینی، محمد جواد (١٣٩٤)، ریخت شناسی داستانهای مینی مالیستی، چاپ اول، نشر ثالث، تهران.
- جزینی، محمد جواد (١٣٩٠)، برش کوتاهی از زندگی، روزنامه جام جم، 30 بهمن.
- دولتیان، سمیه (١٣٨٨)بررسی شروع داستان در داستانك ، مجله کتاب ماه ادبیات ،شماره 32،.
- سیماداد (١٣٩٠)، فرهنگ اصگلاحات ادبی، چ5، انتشارات مروارید،تهران.
- صابر پور، زینب (١٣٨٨)، داستان کوتاه مینی مالیستی، فصلنامه نقد ادبی، شماره 5.
- صادقی نژاد، رامین(؟)، مولانا و مینی مالیسم، بررسی داستانهای مینی مالیستی در دیوار کبیر، همایش بین المللی اندیشه های جهانی مولانا جلال الدین بلخی.
- علی پو، جهاندوست سبز(١٣٩١)، داستانك در حکایتهای قابوسنامه و تطبیق ان با مینیمالیسم، فصلنامه تخصص سبك شناسی نظم و نثر فارسی (بهار ادب)، شماره 15.
- علیزاده، فرحناز (١٣٩٢)،داستان مکاشفه، چ2، نشر قطره، تهران.
- میر صادقی و ذوالقدر(١٣٦٦)، واژه نامه هنر داستان نویسی، أنتشارات شفا، تهران.

**به زمانی عەرەبی و ئینگلیزی**

- ابو هيف ، عبدالله (2005)، ظاهرة القصة القصير جداً، مجلة الاطام، عدد 21.
- البطاينة، جودى فارس (د)(2011)، القصة القصير جداً، قراءة النقدية، مجلة التربية، المعلم، عدد 3، اردن.
- القاضى، محمد (د)(2012)، القصة الومضة ..قراءة في الذات . . قراءة في التاريخ، مجلة القوافل عدد الخاص بالقصة القصير جداً، حوارات و مقالات الكاتبين و النقادين، عدد 29، رياض –سعودية.
- الكردي، عبد الرحيم (٢٠١٢)، هذه الومضة السردية، مجلة القوافل عدد الخاص بالقصة القصير جداً، حوارات و مقالات الكاتبين و النقادين، عدد 29، رياض –سعودية.
- المالكي ،عبدالحكيم سليمان (د)(2015)، القصة القصير جداً و المدخل السردى، مجلة شمالجنوب، عدد 6.
- الياس، جاسم خلف (2010)، شعرية القصة القصير جداً، ط1، دار نينوى، دمشق.
- بو جمعة، ساره (2015)، جماليات النص في الشعر محمد جربوعة، رسالة ماجستر، جامعة بسكرة، جزائر.
- حسين، احمد جاسم القصة القصير جداً (د)(2010)، مقاربة التحليلية ، ط1، دار التكوين، دمشق، سوريا.
- حمداوى، جميل (د) (2009)، القصة القصيرة جداً تأريخها و رأي النقاد فيها، مجلة الادب الاسلامي، عدد 63.
- حمداوى، جميل (د)، القصة القصير جداً، قضايا و مشاكل و عوائق.WWW.DROOB-14155
- حمداوي، جميل (د)(2013)، دراسات في القصة القصيرة جداً، ط1، كتب الاكترونية WWW.ALALUKA.NET .
- عبدالواحيد، سعيد بن (2004)، مفاهيم التظرية حول القصة القصيرة جداً في اسبانيا و أمريكا الاتينية، مجلة ق-ص عدد 1.
- على ،كوثر محمد (2013)، عتبة العنوان في قصص فرج ياسين القصيرة جداً، دراسة في بينتها التركيبية ، مجلة كليه التربيه الاساسيه، جامعة بابل ، عدد12.

- لؤلؤه ،عبدالواحيد (د)(1988)، المفارقة و صفاتها، دسي ميوك ، ط2. ، دار المأمون لترجمة و النشر.
- مجلة القوافل (2012)، عدد الخاص بالقصة القصير جداً، حوارات و مقالات الكاتبين و النقادين، عدد 29، رياض –سعودية.
- معاريف، سامح(2006)، القصة القصير جداً في فلسطين، مجلة تايكى، أمانة عامة الكبرى،عدد 25، الاردن.
- مكونات القصة القصير جداً و سماتها غير الادبية الكويتية هيفاء السنعوسى، شبكه الالوكة WWW.ALALUKA.NET.
- هناوى، نادية (د)(2012)، ها جس الكينونة و فلسفة الهوية في القصة القصير جداً، محلة ديالى، عدد 54.
- CHALTHERENE SNSTANA2007, WHATS FLASH FICTION- INNORATIVE MAGAZINE ONLINE ,..
- THE NEW ENYCLOPEDIA OF BRITAMICA 1994, FIFTEEN THE EDITION , CHICAGO,

**الملخص**

هذا البحث الموسوم ب(خصائص المينيماليستية فى قصص تيكوشر خالد القصيرة جدا)فهي الدراسة تطبيقية حول القصة الحديثة، يتكون من المقدمة و القسمين الرئيسيين و في الختام يوجد نتائج البحث.

تم وضحنا في الفصل الاول (ما المينيماليزم، المفهوم و التعريف و المصطلح المينيماليزم، الحجم القصص القصيرة جدا، الاقصوسة بين الجنس و التجنيس، الخصائص القصص المينيماليستية) اما الفصل الثاني فهو تطبيقيا الاكثر شرحنا المواضيح ك (تكثيف، المفارقة، البداية و النهاية،الفكاهية، موضوع المؤثر و المدهشة، الجراة، التناص،العنوان فى القصص تيكوشر خالد) في ذلك نعتمدنا علي المنهج الوصفي و التحليلي لتطبيق التقنيات علي القصص.

**ABSTRACT**

This research is untitlied ((Minimalist characteristics in the group Stories "Yes, an error occurred) It is a study consisting of the introduction and the two main sections and in conclusion there are the results of the research We were explained in the first chapter (What is Minimalism?, The concept, definition and term Minimalism, Size Minimalist Stories, Very short story between genre and genrsite , characteristics Minimalist stories) As for the second chapter, it is more practical We explained the subjects as(Intensification, paradox, beginning and end, comic, the subject of impact and amazing Boldness, intertextuality, and title in the STORIES of tekoshar khalid) In this we rely on the descriptive and analytical approach to applying techniques to stories.